# چۆنیەتی
# گۆڕینی ساڵەکان

کۆچی بۆ زاینی

زاینی بۆ کۆچی

کوردی بۆ کۆچی

کۆچی بۆ کوردی

زاینی بۆ کوردی

کوردی بۆ زاینی

کۆچی هەتاوی بۆ زاینی

زاینی بۆ کۆچی هەتاوی

کۆچی هەتاوی بۆ کوردی

کوردی بۆ کۆچی هەتاوی

(١-١٥٠٦) کۆچی بەرامبەر بە (٦٢٢ - ٢٠٨٢) زاینی

(١٣٠٠-١٤١٦) کۆچی هەتاوی بەرامبەر بە (١٩٢١ - ٢٠٣٧) زاینی

ئامادەکردن و کۆکردنەوەی

**ئارام مەجید شەمێرانی**

٢٧١٨ کوردی ........ ١٤٣٩کۆچی .......... ٢٠١٨ زاینی .......... ١٣٩٧ کۆچی هەتاوی

٥٢٩،٣

**ناسنامەی کتێب**

ش ٩٢٨

ناوی کتێب: چۆنیەتی گۆڕینی ساڵەکان

ئامادەکردن: ئارام مەجید شەمێرانی

تایپ : ئامادەکار

هەڵەبڕ: نیهایەت عەلی

دیزاینی بەرگ: باوەڕ عەلی حاجی

چاپ: یەکەم

شوێنی چاپ: سلێمانی

ساڵی چاپ: ٢٠١٨

چاپخانە: ..........، سلێمانی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ئامادەکار

هەواڵنامەی کتێب

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردن ( ٩١٨ )ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

﴿إِنَّ عِـدَّةَ الشُّـهُورِ عِنْـدَ اللَّهِ اثْنَـا عَشَـرَ شَـهْراً فِي كِتَـابِ اللَّـهِ يَـوْمَ خَـلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ﴾[١]

هەواڵنامەی کتێب

[١] – سورة التوبة(٣٦)

# وتەیەکی پێویست

ئەم کتێبە بەڕەزامەندی و لەسەر ئەرکی زانکۆی هەڵەبجە لەچاپدراوەو بەبێ بەرامبەر دابەش دەکرێت بەسەر خوێندکارانی هەردوو بەشی ( زانستە کۆمەلأیەتیەکان و مـێژوو)دا، بەهیوام سودێکی باشی هەبێت بۆ خوێندکارانی بەڕێز.

هەواڵنامەی کتێب

# پـــــێڕســــــت


| | |
|---|---|
| ١ | پێشکەش |
| ٢ | سوپاس و پـێزانین |
| ٣ | پـێشەکـــی |
| ٤ | ڕۆژژمێری کوردی |
| ٥ | بەشی یەکەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کوردی |
| ٦ | یاسای یەکەم : گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کوردی |
| ٧ | یاسای دووەم : گۆڕینی ساڵی کوردی بۆ زاینی |
| ٨ | بەشی دووەم: گۆڕینی ساڵی کوردی بۆ کۆچی |
| ٩ | بەشی سێیەم:گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ کوردی |
| ١٠ | بەشی چوارەم: گۆڕینی ساڵی کوردی بۆ(کۆچی هەتاوی) |
| ١١ | ڕۆژژمێری کۆچی |
| ١٢ | بەشی پێنجەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |
| ١٣ | یاسای یەکەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |
| ١٤ | یاسای دووەم : گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |
| ١٥ | یاسای سێیەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |
| ١٦ | یاسای چوارەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ١٧ | یاسای پێنجەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |
| ١٨ | یاسای شەشەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |
| ١٩ | یاسای حەوتەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |
| ٢٠ | یاسای هەشتەم:گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |
| ٢١ | یاسای نۆیەم:گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |
| ٢٢ | یاسای دەیەم:گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |
| ٢٣ | ڕۆژژمێری زاینی |
| ٢٤ | بەشی شەشەم:گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی |
| ٢٥ | یاسای یەکەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی |
| ٢٦ | یاسای دووەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی |
| ٢٧ | یاسای سێیەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی |
| ٢٨ | یاسای چوارەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی |
| ٢٩ | یاسای پێنجەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی |
| ٣٠ | یاسای شەشەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی |
| ٣١ | یاسای حەوتەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی |
| ٣٢ | ڕۆژژمێری کۆچی هەتاوی |
| ٣٣ | بەشی حەوتەم: گۆڕینی ساڵی(کۆچی هەتاوی) بۆ ساڵی زاینی |

| | |
|---|---|
| ٣٤ | بەشی هەشتەم: یاسای گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ(کۆچی هەتاوی) |
| ٣٥ | بەشی نۆیەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی هەتاوی بۆ ساڵی کوردی |
| ٣٦ | بەشی دەیەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی هەتاوی بۆ ساڵی کۆچی |
| ٣٧ | بەشی یازدەیەم: دۆزینەوەی ماوەی سەد ساڵی سەدەیەك |
| ٣٨ | بەشی دوازدەیەم: زانینی ساڵێك کەدەکەوێتە چ سەدەیەك |
| ٣٩ | بەشی سیازدەیەم: زانینی نیوەی یەکەم و دووەمی سەدەیەك |
| ٤٠ | چەند زانیاریەکی پێویست لەسەر خشتەی ساڵی کۆچی بۆ زاینی |
| ٤١ | خشتەی ساڵە گۆڕاوەکانی کۆچی بۆ زاینی |
| ٤٢ | چەند زانیاریەکی پێویست لەسەر خشتەی ساڵی کۆچی هەتاوی بۆ زاینی |
| ٤٣ | خشتەی ساڵە گۆڕاوەکانی کۆچی هەتاوی بۆ زاینی |
| ٤٤ | چەند تێبینیەکی گرنگ |
| ٤٥ | سەرچاوەکان |
| ٤٦ | پرۆفایلی ئامادەکار |


کتێبخانەی ...

# پێشکـــەش

- بە ڕۆشنایی چاو و ئارامی دڵم

( ئاریا ، داریا )

- بەهاوسەری خوشەویستم

( نـیـهایـەت )

- بەو زانکۆیەی بویە شارێگەی نوسینەکانم

( زانکۆی هەڵەبـجە )

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاس و پێزانین

جێگەی خۆیەتی لێرەدا لەناخی دڵمەوە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی هەموو ئەو کەسانە بکەم ئەگەر بەیەك وشەش بێت هاوکارم بوون لەئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا بەتایبەت( د.حسین جاف. پ.ی.د.نەریمان عەبدولا، م.ئەیوب(ئارپاك). پ.ی.د.کەیوان ئازاد) کەهەریەکەیان بەوردی پێداچونەوەیان کرد بەساڵەکانی کۆچی و کوردی و کۆچی هەتاوی و زاینی) بەپێشنیارەکانیان ئەم بەرهەمەیان زیاتر دەوڵەمەند کردم.سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەم کەلەپەیداکردنی کتێب و پێدانی زانیاری و لەوەرگێڕانی سەرچاوە عەرەبی و فارسیەکان هاوکارم بوون( د.زریان حاجی،م.بیلال. م.سەرکەت. م. نظیف. م.بورهان.م.هێمن،ئەحمەد رەنجبار،م.یوسف).

سوپاسی سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە بەڕێز(د.تحسین عبدالکریم)دەکەم ڕەزامەندبوو بۆ لەچاپدانی ئەم بەرهەمە.سوپاسی بەڕێز(د.حسین محمد صالح) کەهاوکاربوو بۆ لەچاپدانی ئەم کتێبە. م.ئاریان دەکەم هەوڵی زۆریدا بۆئەوی ئەم کتێبە چاپ بکرێت.

## پێشەکی

ساڵنامە یان ڕۆژژمێر بەیەکێك لەگرنگترین پێوەرەکانی ژیان و زانینی ڕووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ئەژماردەکرێت، ڕۆژژمێر لەڕابردوویەکی زۆر کۆنەوە مرۆڤ بەکاری

دەهێنێت و لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا سەری هەڵداوەو گرنگی خۆیی هەبووە، بەهۆی وردبونەوەو تێڕامانی مرۆڤ لە دیاردە سروشتی و فەلەکیەکان و دووبارە بوونەوەی دیاردەکان هەوڵیدا پێوەری کات و ڕۆژەکان دیاری بکات تاگەشت بەدیاریکردنی ڕۆژژمێر، چونکە بەهۆی ڕۆژژمێرەکانەوە ڕووداو و دەقە مێژوویەکان پشت ئەستور کراون و هۆکاری ڕەسەنایەتی ڕابردووە کۆمەڵ و نەتەوە و گەلان و ئاینەکانیش بوون، ڕۆژژمێر لەئەنجامی چەندین هەوڵی بەردەوام وجیاوازی گەلانی سەر زەوی بەپێی سەردەمە جیاوازەکان هاتوەتەکایەوە.بەهۆی ڕۆژژمێرەکانیشەوە ڕووداوەکانی مێژوو پارێزراون و لەلایەکی دیکەشەوە هۆکاری گەیشتنی ئەو ڕووداوانە بوون بەنەوەکانی ئەمڕۆ و گەیاندنی بەنەوەکانی داهاتوو.

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێك جۆر لەڕۆژژمێری گرنگ داهێنراون و کاریان پێکراوە، لەم سۆنگەیەشەوە هەر گەل و نەتەوە و ئاینێك لەسەر زەوی خاوەنی ڕۆژژمێری تایبەت بەخۆیان بوون و بەکاریان هێناوە، لەم سەردەمی ئێستاماندا ڕۆژژمێری گریگۆری یان زاینی کە چاککراوی ڕۆژژمێرەکانی پێش خۆیەتی بەشێوەیەکی گشتی لەولأتانی جیهاندا کاری پێدەکرێت و وەك ڕۆژژمێرێکی گشتی لێهاتووە لەبەکارهێناندا، هاوکاتیش ڕۆژمێری کۆچی یەکێکی دیکەیە لەو ڕۆژمێرە گرنگانەی لەنێو جیهانی ئیسلامیدا بەکار دەهێنرێت، هەندێك ڕۆژژمێری دیکە هەیە تایبەتە بەدەوڵەتێك یان زیاتر وەك ڕۆژۆمێری کۆچی هەتاوی کەتاکە ڕۆژژمێرە لەئێرانی ئەمڕۆدا بەکار دەهێنرێت، سەرەڕای ئەو ڕۆژژمێرە گرنگانەش ڕۆژژمێری دیکەش هەیە تایبەتە بەنەتەوەیەکی دیاریکراوی وەك نەتەوەی کورد کەیەکێکە لەنەتەوەکانی سەر زەوی وەك نەتەوەکانی دیکەی دونیا خاوەن ساڵنامەی خۆیەتی کەبە(ڕۆژژمێری کوردی) ناسراوە و ئەمەش بەتایبەت لەهەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت و زۆرجار شانبەشانی ساڵنامەکانی وەك ساڵنامەی (زاینی و

کۆچـی)ی کـاری پێـدەکرێت. لەبـەر ئـەوە خوێنـەر کـەم تازۆرێـك ئاشـنابێت بـەم ڕۆژژمێرە گرنگانە لـەنێو ئـەم کتێبـەدا بـەکورتی بـاس لـەو چـوار ڕۆژژمێـرە کـراوەو زانیاریـەکی گرنیگیـان لەسـەر خراوەتـە ڕوو ئەمـەش بەرچـاو ڕوونیـەکی باشـە بـۆ خوێنەر،مەستمان لەئامادەکردنی ئەم چوار ڕۆژژمێـرە کەلـەم پەرتوکـەدا باسـکراون ئەوەیە یاساکانی چۆنیەتی گۆڕینی ئەم چوار ڕۆژژمێرەمان بۆ یەکدی خستوتە ڕوو بۆ ئەوەی ئێوەی بەڕێز زانیاریـەکی باشـتان لەسـەریان هەبێت،لەبـەر ئـەوە باسـی ڕۆژژمێرەکانی دیکەمان بەپێویست نەزانیوە و لەگرنگی ئەوانیش کەم ناکەینەوە.

لایەنێکی گرنگی دیکەی ئەم کتێبە ئەوەیە کەهەموو توێژینەوە مێژووییەکان کەباس لەڕووداوە مێژووییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکەن پێویستە ئاماژە بەساڵی ئەو ڕووداوە مێژووییە بکەن و بوونی ساڵەکەش گرنگی مێژووی خۆی دەدات بە ئەو مێژووە کەتۆمار کراوە، جاساڵەکەش کۆچی یان کوردی یان زاینی یان کۆچی هەتاوی بێت، پێویستە توێژەر کەلەم سەردەمەدا توێژینەوەی مێژووی لەسەر مێژووی ئیسلام(کۆچی) یان مێژووی ئێرانی(کۆچی هەتاوی)ئەنجام دەدات واباشترە ساڵەکە بگۆڕێت بەوشێوەیەیی کەتوێژەر لەم سەردەمەدا توێژینەوەکەی تێدا دەکات کەزاینیە چونکە ئەمە ساڵێکی جیهانیەو کاری پێدەکرێت.

هەرچەند سەرەتای گۆڕینی ساڵی ساڵنامەکان جیاوازن و چەند مانگێکیان پاش و پێشی یەکتر دەگۆڕێن، لەبەر ئەوە یەکسانکردنەوەو گۆڕینی ساڵەکان هەروا کارێکی سادەو ساکار نیە بەڵام لایەنێکی گرنگی ئەم کتێبە ئەوەیە بەشێکی زۆری یاساکانی گۆڕینی ساڵەکان لەساڵنامەیەکەوە بۆ ساڵنامەیەکی دیکە ئامادەکراوەو دەتوانرێت لەهەموو کاتێکدا بەئاسانی بەکار بهێنرێت و

هەولێرنامەی کتێب

سودی لێوەربگیرێت و تەواوی ساڵەکان وەك خۆی یان زۆر بەنزیککراوی و بەشێوازێکی زانستی بدات بەدەستەوە،ئەمەش پێویستیەکی زۆر گرنگە کەتوێژەری بواری مێژوو لەهەموو کاتێکدا پێویستی پێیەتی، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی هەوڵم داوە ئەم کارە لەچوار چێوەی چەند یاسایەکدا کۆبکەمەوەو ئامادەی بکەم وبخەمەڕوو بۆ توێژەران و خوێندکاران و ئەو کەسانەی سەرقاڵی توێژینەوەن لە مێژووی ئیسلام یان لەمێژووی کورد یان هەربابەت و سەردەمێکی دیکەی مێژوو، ئەمەش بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەیان دەبێت.

جگە لەڕۆژژمێرەکان و چۆنیەتی گۆڕینی ساڵەکان لەنێوان یەکتردا لایەنێکی گرنگی دیکەی ئەم کتێبە ئەوەیە کاتێك خوێندکارێك یان خوێنەرێك سەدەیەك دێتە پێش چاوی ڕوون نیەکە لەکەیەوە دەست پێدەکات و تا چ ساڵێك دەگرێتەوە یان نازانێت نیوەی یەکەم و دووەمی سەدەیەك چۆن دیاری بکات،ئەمەش زۆر بەجوانی و بەئاسانی جیاکراوەتەوەو بەکارهێنەر دەتوانێت بەباشی لێی تێبگات و کاری پێبکات.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەمەی کەنوسراوە و ئامادەکراوە لەم پەرتوکەدا بۆ(مامۆستایانی بەشی مێژوو و کۆمەڵایەتی یان و توێژەرانی بواری مێژوو یان خوێندکارانی بەشی مێژوو و کۆمەڵایەتی) پێویستەیەکی گرنگە چونکە ڕووبەڕووی ئەم ڕۆژژمێرانە وچۆنیەتی گۆڕینی ساڵەکان و ئەم پرسیارانە دەبێتەوە لەسەر ڕۆژژمێرەکان و چۆنیەتی سەرهەڵدانیان، جگەلەوەش ئەم کتێبە دەستگیرۆییەکی تەواوە بۆ (مێژوونوسان، ڕۆژنامەنوسان، مافناسان،خوێندکاران) بۆ هەموو ئەوانەی پێویستیان بە گۆڕینی ساڵێکە

لەڕۆژژمێرێکەوە بۆ ڕۆژژمێرێکی دیکە و ناسینی ڕۆژژمێرەکان و زانینی سەدەکان و ماوەی سەدەکان.

لایەنێکی گرنگی دیکەی ئەم کتێبە ئەوەیە لەبەشی کۆتایی ئەم بەرهەمەدا خشتەی ساڵە گۆڕاوەکانی کۆچی بەرامبەر زاینی ئامادەکراوە، کە لە ساڵی( ١)یەکەمی کۆچی دەستی پێکردوە بۆ ساڵی (٢٠٨٢)زاینی و ساڵەگۆڕاوەکان لەخشتەکەدا لەبەرامبەر یەکدی نوسراون کەساڵێکی کۆچی بەرامبەرە بەساڵی زاینی.جگەلەوەش خشتەی ساڵە گۆڕاوەکانی کۆچی هەتاوی بۆ زاینی ئامادەکراوە کەلە ساڵی(١٣٠٤) کۆچی هەتاوی دەستی پێکردوە بۆ ساڵی(٢٠٣٧)ی زاینی،ئەمەش ئاسانکارییەکی دیکەیە بۆ توێژەران و خوێندکاران ئەگەر هاتوو بەکارهێنانی یاساکان گران بوو لایان یان بەئاسانی تێی نەگەشتن و ویستیان خێرا ساڵەکەیان دەستکەوێت ئەوا لەڕێگەی ئەم دوو خشتە ئامادەکراوەوە ئەو ساڵەیان دەست دەکەوێت کەمەبەستیانە.

لەئامادەکردنی خشتەی ساڵە گۆڕاوەکانی کۆچی و زاینی سوودم لەچەند سەرچاوەیەکی گرنگ وەرگرتووە وەك (ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زاینی:گ.س.فریمان– گرێنڤیل،السنوات الهجرية والميلادية:محمودالحاج رحيم،دليل الادوار الحضارية والتاريخية:د.محمد جاسم المشهداني،التقويم دراسة للتقويم والتوقيت والتأريخ مع جداول مفصلة لمقابلة التاريخ الهجري بالميلادي:اكرم حسن العلبي).

لەکۆتایدا ئەوەی شایەنی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە من وەك ئامادەکاری ئەم کتێبە داهێنەری ئەم یاسایانە نیم، بەڵکو لەسۆنگەی هەستکردن بەوەی ئەم کارە لەنێوەندەکانی خوێندندا زانیاری لەسەر کەمەو پێویستیەکی

گرنگیشه،لەبەر ئەوە تەنها ئەرکی کۆکردنەوەم لەنێو کتێب و ماڵپەڕەکاندا لەئەستۆ گرتووەو ڕێکم خستوون، کەلە سەردەمی خوێندنم لەزانکۆی سلێمانی تا کاتی لەچاپدانی ئەم کتێبە لەهەوڵی کۆکردنەوەی ئەم کارەدابووم. لێرەدا وەك یاسا ناوم هێناون و لەچەند یاسا و بڕگەیەکدا کۆمکردونەتەوە، ئەم کارەش هەوڵ و ماندوبونێکی زۆری ویست تاگەشت بەم ئەنجامە.لەڕاستێدا ئەم پەرتوکەی بەردەستت یەکەمین هەولێکە، کەزۆربەی زۆری یاسا هزریەکانی چۆنیەتی گۆڕینی ساڵی ساڵنامەکان بۆ یەکدی تێدابێت و کورتە باسێکی ڕۆژژمێرە گرنگەکانی وەك:(کوردی، کۆچی، زاینی، کۆچی هەتاوی) لەخۆگرتبێت و لەهەمان کاتدا خشتەی ساڵە گۆڕاوەکانی کۆچی بۆ زاینی و کۆچی هەتاوی بۆ زاینی تێیدا ئامادەکرابێت و بەم شێوەیە خرابێتە بەردەست بۆ ئێوەی بەڕێز. هیوادارم بەم کارەم کەلێنێکی بچوکی کتێبخانەی کوردیم پڕکردبێتەوەو سودێکی باشم بەمێژوونوسان و توێژەران و خوێندکارانی بەشەکانی مێژوو و زانستە کۆمەلآیەتیەکانی زانکۆ گەیاندبێت و کارئاسانیەکی باشم بۆ کردبن، بەهیوام لەهەڵەو کەم و کوڕیەکانم ببورن.

ئارام مەجید شەمێرانی

٢٠١٨

## ڕۆژژمـــێری کـــــوردی

نەتەوەی کورد یەکێکە لەنەتەوە کۆن و ڕەسەنەکان، بەدرێژای مێژوو بوونی خۆی وەك نەتەوە سەلماندووەو خاوەن شارستانیەت و کەلتور و فەرهەنگی

خۆیەتی، نەتەوەی کورد لەمێژە خاوەن ڕۆژژمێری خۆیەتی و گرنگی پێداوە، مێژووش ئەمەی بۆ سەلماندوین کەنەتەوەی کورد لەم بوارەدا زۆر پێش نەتەوەکانی دیکەی دراوسێی کەوتووە، ئەوەتا ئەگەر بەراوردێکی نێوان مێژووی ڕۆژژمێری کوردی و کۆچی زاینی و کۆچی هەتاوی بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا مێژووی ڕۆژژمێری کوردی زۆر لەپێش مێژووی ڕۆژژمێری ئەو نەتەوانەوە دەست پێدەکات کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە یان کوردیان تێدا نیشتەجێ بووە، بۆنمونە ساڵی کوردی نزیکەی(٧٠٠)ساڵ پێش ڕۆژژمێری زاینی و (١٢٧٩)ساڵ پێش ڕۆژژمێری کۆچی و (١٣٢١)ساڵ پێش ڕۆژژمێری کۆچی هەتاوی ئێرانی کەوتووە،دەردەکەوێت کە گەلی کورد خاوەن داهێنان و مێژوویەکی دێرینترە لەو مێژووانە،ئەمەش پێشکەوتوویی ڕۆژژمێرو شارستانیەتی کوردی دەردەخات کە چۆن لەمێژە کوردەکان خاوەن ڕۆژژمێرو شارستانیەت بوون و پێش نەتەوەکانی دیکە گرنگیان بەڕۆژژمێر داوە و کاریان پێکردوە و بەکاریان هێناوە.

هەموو نەتەوەیەك ڕۆژژمێرێك یان ڕۆژی سەری ساڵی خۆی هەیە کەسەرەتای ساڵی نوێ یان ڕووداوێکی مێژووی گرنگە وەك سەرەتای ڕۆژژمێر شانازی پێوە دەکەن، هەر وڵاتێك بەگوێرەی ڕۆژژمێر (تقویم)ێك کاروباری خۆی بەڕێوە دەبات، ساتی ڕووداوێکیش بووە بە دەستپێکی ڕۆژژمێرەکەی. زۆربەی وڵاتان بەگوێرەی "ساڵی زاینی" هەڵسوکەوت دەکەن" هەندێ وڵاتیش وەکو(چین،ئەفغانستان، ئێران) پەیڕەوی ساڵی دیکە دەکەن. دانیشتوانی هەر پارچەیەك لە کوردستانیش چونکە وڵات و دەسەڵاتی سەربەخۆیان نییە، خۆنەویست ڕۆژژمێری ئەو وڵاتە بەکار دەبەن کە تێیدان و دابەشکراون

بەسەریاندا. هەڵبەت کورد سەرەڕای بێ وڵاتی، لەئێستادا ساڵنامەی تایبەت بەخۆی هەیە کە بە(ڕۆژژمێری کوردی)[٢]ناسراوە.

لەڕۆژژمێری زاینیدا ڕۆژی ١/١ واتە (١)ی کانونی دووەم سەرەتای هەموو ساڵێکی زاینیە، یان لەڕۆژژمێری کۆچیدا ڕۆژی ١/١ واتە(١)ی موحەڕەم سەرەتای هەموو ساڵێکی کۆچیە، بەڵام نەتەوەی کورد یەکێکە لەنەتەوە کۆنەکان و پێش زۆرێك لەنەتەوەکانی دیکە کەوتوە لەڕووی دانانی ڕۆژژمێرەوە،سەرەتای هەموو ساڵیکی کوردی١/١ واتە ١ی نەورۆز کەبەسەرەتای ساڵنامەی کوردیی دادەنرێت و بەرامبەرە بە ٣/٢١ ساڵنامەی زاینی ،کەواتە جیاوازی هەردوو ساڵی زاینی و کوردی نزیکەی دوو مانگ و ٢٠ ڕۆژ دەبێت.

زۆربەی زۆری مێژوونوسان و توێژەرانی بواری مێژوو ڕێکەوتی (١/١/٧٠٠پ.ز)[٣] بەسەرەتای ساڵنامەی کوردیان داناوە، لێرەدا تەنیا

---

[٢] – ئەم ڕۆژژمێرە گرنگی تایبەتی خۆی لەمێژووی کورددا هەیە و ئەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ لێك بەستنمان و سیمایەکی گشتی بەناسنامەی نەتەوەییمان دەبەخشێت، بۆئەوەی ئەم ڕۆژژمێرە ئەرکی مێژووی خۆی جێبەجێ بکات منیش وەك ئامادەکاری ئەم بەرهەمە هەمان پێشنیاری بەڕێز(د.وریا عومەر ئەمین)دەکەم کەلەناوەندەکانی زانکۆدا بخوێندرێت بەتایبەت لەبەشی مێژوو و زانستەکۆمەڵایەتیەکان وەك بابەتێکی مێژوویی و لەبەشی جوگرافیا وەك بابەتێکی جوگرافی و فەلەکی و لەبەشی بیرکاریدا وەك بابەتێك بۆ مەنتقی بیرکاری و گواستنەوە لەسیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی دیکە، ئەمەش بۆئەوەی نەوەی داهاتومان شارەزاییەکی باشی لەبەرکارهێنان و ناسینی ساڵنامەی کوردی هەبێت و گرنگی بەبەکارهێنانی بدات.

[٣] – لەڕاستیدا هەندێك لایان وایە باشترە لەبری ساڵی ٧٠٠پ.ز دەبێت ساڵی ٦١٢پ.ز بەکاربهێنرێت، چونکە ئەوانە لایان وایە لەساڵی ٦١٢ پ.ز مادەکان بەسەر ئاشوریەکاندا سەرکەوتن وکۆتاییان بەئیمپراتۆری ئاشوری هێناو بەهاری ئەو ساڵە ئاگر لەسەر شاخەکان

ڕووداوێکی مێژووی کەڕۆژژمێری کوردی بۆ بگەڕێتەوە دامەزراندنی (دەوڵەتی ماد)ە،ئەو دەوڵەتەی حەوت سەدە پێش زاین لەهەرێمی موکریانی خۆرهەلاتی کوردستان دامەزراو شاری ئەکبەتان(هەمەدان)ی کردەپایتەخت. دیارە گێڕانەوەی ڕۆژژمێری کوردی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ماد لەلایەن هەر مێژوونوس و توێژەر و نوسەرێکی کورد یان خۆرهەلاّتناس و کوردناس و بێگانەیەکەوە بوبێت جێگەی ڕێز و ستایشە، چونکە گێڕانەوەی تاکە ڕۆژژمێری کوردی بۆ بیرەوەریی دامەزراندنی دەوڵەتێك لەسەر خاکی کوردستان لەشوێنی خۆیدابووە، لەپەراوێزی وەها ڕووداوێکی مێژوویدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کەگێڕانەوەی مێژووی ڕۆژژمێری کوردی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ماد بەلگەی ئەوەیە کەئێمەی کورد پێش(٧٠٠پ.ز)خاوەن دەوڵەت و کیانێکی بەهێزی وەك دەوڵەتی ماد بوین لەمێژووی شارستانیەتدا.

مەبەستمان لەساڵی (٧٠٠پ.ز) بۆ سەرەتای ساڵنامەی کوردی ئەو ساڵەیە کە (دیاکۆ)ی کورد هەموو تیرەو هۆزەکانی نەتەوەی مادی یەکخست و

---

کرایەوە بەهۆی سەرکەوتنی مادەکان بەسەر ئاشوریەکاندا.بەلاّم ئەوەی تائێستا لەلایەن مێژوونوسان و توێژەرانی بواری مێژوو بەڕاستر دەزانرێت ساڵی ٧٠٠پ.ز کەسەرەتای دامەزارندنی دەوڵەتی مادەو وابەباشتر دەزانرێت دامەزراندنی دەوڵەت بکرێتە بنەما نەك سەرکەوتن لەشەردا،چونکە گەلێك مێژووی لەسەر بناغەی ڕووخاندنی دەسەلاّت و گەلێکی تر بنوسێتەوە،هاوکات بەم کارە ئێمەی کورد ئەو مێژووەی پێشتر هەمان بوو نکوڵی لێدەکەین،لەبەر ئەوە لەئێستادا کۆدەنگی مێژوونوسان لەسەر ساڵی(٧٠٠پ.ز)ەو ئەوە وەك سەرەتاو دەسپێکردنی ساڵنامەی کوردی دادەنرێت و زۆر بەی زۆری ئەو ساڵنامانەی ئێستا دانراون لەسەر ئەمە دەڕۆن و ئەم ساڵەیان واتە ساڵی دامەزراندنی دەوڵەتی مادیان کردووەتە بنەمای ساڵنامەی کوردی.

لەدەوری دەسەڵاتەکەی خۆی کۆیکردنەوەو ئیمپراتۆری مادی دامەزراند و ڕۆڵێکی گەورەی لەمێژووی کورددا گێڕا. گێڕانەوەی مێژووی ساڵنامەی کوردی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ماد بەڵگەی ئەوەیە ئێمەی کورد لەساڵانی(٧٠٠– ٥٥٠ پ.ز) خاوەن دەوڵەتێکی بەهێزی وەك دەوڵەتی(ماد)بوین کەفەرمانڕەوایەتی خاکی کوردستانی کردووە. لەم دوایەشدا هەندێك لایەن و زاناکانمان بەتایبەت وەك(بەدرخانیەکان و مامۆستا عەلادین سەجادی و پیرەمێردی شاعیر)[٤] وایان بەباش زانی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد بکرێتە سەرەتای ساڵی کوردی و تەنانەت لەڕۆژژمێری پیرەمێردی نەمردا دامەزراندنی دەوڵەتی ماد بەسەرەتای ساڵنامەی کوردی ژمێردراوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە لەسەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەئێستادا لەدەزگاکانی میریدا ئەم (ڕۆژژمێرە بەشێوەیەکی ڕەمزی بەکاردەهێنرێت)[٥] لەپاڵ ساڵی زاینی لەبەرێکردنی ئیش وکارەکاندا.

---

[٤] – ئەم بۆچونە لەبەڕێز(د.کەیوان ئازاد) وەرگیراوە

[٥] – ئەوەی جێگەی ئەسەفە ئەوەیە لەدوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی کوردی لەهەرێمی کوردستان، دەکراحکومەت ڕۆژژمێری کوردی بەشێوەیەکی فەرمی و بەپێی یاسا بسەپاندایە کەدەبێت لەسەر جەم دام و دەزگاکانی میریدا ئەم ڕۆژژمێرە بەکاربهێنرێت و کاری پێبکرێت.جگەلەوەش لەئێستادا لەهەرێمی کوردستاندا چەندین کەناڵی گرنگی ئاسمانی و ناوخۆیی و چەندین کەناڵی بیستراو نوسراوی جۆراوجۆری ئیسلامی و عەلمانی هەیە بەڵام بەدەگمەن نەبێت هیچ یەکێك لەو کەناڵانە ڕۆژژمێری کوردی بەکارناهێنن و هیچ ئاماژەیەکی پێنادەن لەکاتێکدا دەبوایە لەگۆشەیەکی کەناڵەئاسمانیەکان یان بڵاوکراوەکان ڕۆژ و مانگ و ساڵی کوردی لەگەڵ ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زاینی بەکار بهێنن.بەڵام زۆر بەداخەوە خۆمان گرنگی بەشارستانیەت و فەرهەنگ و ڕۆژژمێری خۆمان نادەین.لەکاتێکدا دەبینین و دەبیستین ولاّتانی دیکە چۆن گرنگی بەڕۆژژمێری خۆیان دەدەن.

هەواڵنامەی کتێب

**دەستپێکردنی ڕۆژژمێری کوردی:**

ئەوەی تائێستا یەکلای بووەتەوە ئەوەیە یەکەم ساڵی دەستپێکی ڕۆژژمێری کوردی ٧٠٠ ساڵ پێش لە زایین بووە کە دامەزراندنی دەوڵەتی مادە،بەهاری ئەو ساڵەش دەستپێکی ساڵەکە بووە واتە ١ی نەورۆز(خاکەلێوە). هەروەکو چۆن ساڵی کۆچی هەتاوی هاوکات نییە لەگەڵ ساڵی زاینیدا، ساڵی کوردیش لەگەڵ ساڵی زاینی و کۆچیدا هاوکات نییە.

ڕۆژژمێری کوردی، ڕۆژژمێرێکی تایبەتە بەگەلی کورد و سەرەتای دەستپێکردنیشی (واتە ساڵی یەکی ئەم ڕۆژژمێرە)ئەو ساڵەیە کە ئیمپراتۆری گەورەی ماد لەلایەن دیاکۆوە دامەزرا،کەهەزارەی یەکەمی پێش زاین بوو، ساڵ و ڕۆژی کوردی ساڵێکی هەتاویە واتە بەگوێرەی سوڕی زەوی بەدەوری خۆردا و لەچوار وەرز پێکهاتووە و هەر وەرزێك خۆی لەسێ مانگ پێکهاتوە،بەم شێوەیە(مانگەکانی وەرزی بەهار: نەورۆز،گوڵان جۆزەردان)و (مانگەکانی وەرزی هاوین: پوشپەر، خەرمانان،گەلاوێژ[٦] ) و(مانگەکانی وەرزی پایز: ڕەزبەر، گەلاڕێزان، سەرماوەرز) و (مانگەکانی وەرزی زستان بەفرانبار،ڕێبەندان،ڕەشەمێ)، وەرزەکانی ساڵیش لەناوی سروشت و کشتوکاڵەوە هاتوە.ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵنامەی کوردی بەم شێوەیەن:(شەش مانگی سەرەتای ساڵ لە ٣١ ڕۆژ پێکهاتووە و پێنج مانگی دواتری ساڵ لە٣٠ ڕۆژ پێکهاتوون و مانگی کۆتای ساڵ واتە مانگی دوازدە(ڕەشەمێ) لەساڵی

[٦] – ئەوەی ڕاستی بێت لەهەندێك ڕۆژژمێری ئەلیکترۆنی و هەندێك نوسراودا شوێن گۆڕکێ بەهەردوو مانگی خەرمانان و گەلاوێژ کراوە واتە گەلاوێژ پێش خەرمانان خراوەو کراوەتە دووەم مانگی وەرزی هاوین، بەڵام ڕاستیەکەی مانگی خەرمانان پێش گەلاوێژە.

ئاسایدا ٢٩ ڕۆژ و لەساڵە پڕەكانیشدا لە ٣٠ ڕۆژپێك دێت، كۆی ڕۆژەكانی ساڵ لەڕۆژژمێری كوردیدا ٣٦٥ ڕۆژ و ٦ كاتژمێر لەساڵی ئاسایدا،بۆ ئەوەی ئەو شەش كاتژمێرە كەلە چوار ساڵدا دەبێتە شەو ڕۆژێك كێشە دروست نەكات هەر چوار ساڵ جارێك مانگی ڕەشەمێ دەبێتە٣٠ ڕۆژ كەپێی دەڵێن ساڵی كەبیسە(پڕ) و دەبێتە ٣٦٦ڕۆژ. بەمەش (ساڵ و مانگە كوردیەكان)[٧]،لەكاتی دامەزراندنی یەكەم حكومەتی مادەكان بەدەستی دیاكۆ پەیدابوون. هەر سەبارەت بەدانانی مانگە كوردیەكان د.كەیوان دەڵێت:مانگە كوردیەكان عەلادین سەجادی و پیرەمێردی شاعیر دایاننناو بەندەش لەكۆتای نەوەدەكانی سەدەی بیست بەزانستیم كردن)[٨].

سەرەتای ڕۆژ وساڵگۆڕین لەساڵنامەی كوردیدا جیاوازە لەگەڵ ساڵنامەی زاینی و كۆچیدا بەڵام سەرەتای ڕۆژ و ساڵگۆڕینی ساڵنامەی كوردی هاوكاتە لەگەڵ گۆڕینی ڕۆژ و ساڵنامەی كۆچی هەتاوی ئێرانی بەڵام دوو جیاوازی سەرەكی هەیە یەكەم:ڕۆژژمێری كوردی بەپێچەوانەی ڕۆژمێری ئێرانی كۆچی نیە،دووەم:لەسەردەمی كۆماری كوردستان لەمەهاباد ناوی مانگەكان كران بەكوردی و واتای ناوی مانگەكەنای كوردی لێوان لێوە لەواتای جوانی و گوزارشت لەسروشتی جوانی كوردستان دەكەن.بەشێوەیەكی گشتی ساڵ

---

[٧] – لەڕاستیدا زۆر گەڕام بۆ ئەوەی بزانم چۆن و كێ بۆ یەكەمجار ناوی مانگە كوردیەكانی داهێنا چۆن گۆڕانكاری تێداكرا تا گەشت بەو ئاستەی لەسەردەمی كۆماری مەهاباد ناوەكان كران بەكوردی،ئەوەم بەرچاو نەكەوت لەپێشتردا ناوی مانگە كوردیەكان هەر ئەوانەی ئێستا بوون یان بەجۆرێكی دیكە بەكاردەهاتن.وەك ئەوەی لەڕۆژمێرەكانی دیكەدا هاتوە كە ژمارەی مانگەكان گۆڕانكاریان تێداكراو ڕۆژەكان كەم و زیاد كران تاگەشتن بەوەی ئێستا هەیە و بەكاردەهێنرێت.

[٨] – ئەم بۆ چونە لەبەڕێز(د.كەیوان ئازاد)وەرگیراوە

لەڕۆژژمێری کوردیدا لە دوازدە مانگ پێکهاتوە و هەرمانگە و ناوێکی جوانی تایبەت بەخۆی هەیە لەنێو ڕۆژژمێرەکاندا ناویان هاتوەو ڕۆژەکانیان دیاریکراوە بەم شێوەیە هاتووە:

هەواڵنامەی کتێب

ژمارە و مانگ و ڕۆژەکانی ڕۆژژمێری کوردی

| ژ.مانگ | ناوی مانگەکان | ناوەکانی دیکەیان | ڕۆژی مانگ |
|---|---|---|---|
| ١ | نەورۆز | خاکەلێوە،هەرمێ پشکوان | ٣١ |
| ٢ | گولآن | بانەمەڕ،شەستەباران،هێلانە مەل | ٣١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | جۆزەردان | باران بڕان،بەختەباران،جوتان | ٣١ |
| ٤ | پوشپەڕ | پوشکاڵ، خێڤە | ٣١ |
| ٥ | خەرمانان | جۆخینان،مێوەگەنان،زەخیران | ٣١ |
| ٦ | گەلاوێژ | تەباخ | ٣١ |
| ٧ | ڕەزبەر | هەوڵ پایز،کەوچەڕێن،مشتاخان | ٣٠ |
| ٨ | گەڵاڕێزان | خەزەڵوەر،گەڵاخەزان،سەرپەڵە | ٣٠ |
| ٩ | سەرماوەرز | کەوبەدار،چری دووەم،داروەر | ٣٠ |
| ١٠ | بەفرانبار | هەوەڵ زستان | ٣٠ |
| ١١ | ڕێبەندان | چلەشۆر(چلە)،بەفربارا دووێ | ٣٠ |
| ١٢ | ڕەشەمێ | گوڵەمانگ،بازەبەران،مێش پەڕ ،ڕەشەمە،رەشەمەھ | ٢٩ یان ٣٠ |

هەواڵنامەی کتێب

## واتای ناوی مانگە کوردیەکان

وەك ئاشکرایە هەندێك لەمانگە کوردیەکان زیاد لەواتاو مەبەستێکی دیاریکراویان هەیە کەتایبەتە بەجوانی سروشتی کوردستان و کەش و هەواو بەرهەمە کشتوکاڵیەکان،ئەمەش بۆ دەوڵەمەندی زمان و کەلتوری کوردی و سەلیقەی کۆمەڵگەی کوردی و تێکەڵبوونی دەگەڕێتەوە، مانگەکانی ڕۆژژمێری کوردی

بەپێچەوانەی مانگەکانی ڕۆژژمێری کۆچی و زاینی و ڕۆمانی و کۆچی هەتاوی هەڵقوڵاوی خاك و کستوکاڵ و سروشتی کوردەوارییە و لەو سروشتە جوانەشەوە سەرچاوەی گرتوە، بەلاّم ناوی مانگەکانی ڕۆژژمێرەکانی دیکە هەریەکەو مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە کە گوزارشتە لەناوی خوداوەندە دەستکرد و خورافیات و ئەفسانەییەکان یان گوزارشت بووە لەناوی پاشا و سەرکردەکان و ئەفسانەکان یان شالاّو دابونەریتی هۆزەکانی سەردەمی نەفامی لەپێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام. جگەلەوەش لەڕۆژژمێرەکانی دیکەدا ناوی مانگەکان و ژمارەی مانگەکانیش بەخواستی پیاوانی ئاینی و دەسەلاّتداران گۆڕانکاری تێداکراوە و ئالّوگۆڕ لەناوەکاندا کراوە، لەبەر ئەوە مانگە کوردیەکان لەچاو ئەم مانگانەدا جوانترین و ڕازاوەترین مانا و مەبەستیان هەیەو کەمترین دەستکاریان کراوە، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەواتای ناوی مانگە کوردیەکان دەکەین لەگەڵ ئەو ناوانەی دیکە بۆ مانگەکان بەکاردەهێنرێت.

١. نەورۆز یان خاکەلێوە: مانگی یەکەمی وەرزی بەهارە و سەرەتای ساڵی نوێی کوردییە. واتای نەورۆز (ڕۆژی نوێ)لەوەوە هاتوە کەسەرەتای بەهارەو تازە گژوگیا لەسەر خاك بەرز دەبێتەوە، خاکەلێوە بەواتای ئەوەی کاتێك ئاژەڵەکان ئەم گژوگیایە دەخۆن خاك و خۆڵ لەگەڵدایەو بەدەم و لێویەوە دەبینرێت و وتراوە خاکە لێوە.یان بەو واتایەش دێت کەزەوی بۆش و کلۆر دەبێتەوە،خاك لێو دەکاتەوە هەتا خونچە سەر لەخاك دەربێنێت و موژدەی بەهار و بوژانەوەی سروشت بەخەڵك بدات.نەورۆزیش بەمانای ڕۆژی نوێ و وەرزی بەهارو سەرەتای ساڵی نوێ دێت.ئەمەش پەیوەستە بەزەمەنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

٢. گۆلآن یان بانەمەڕ: مانگی دووەمی وەرزی بەهارە.واتای بانەمەڕ لەوەوە هاتوە کەلەم مانگەدا شەنگەبێری کەخاوەن ئاژەڵی وەردە وەك (مەڕوبزن)دەمەو ئێواران نزیك خێڵ و ئاوایی دەکرێنەوە کابان(بەربێری)واتە ئافرەتی خاوەن ماڵ دەچنە بزن ومەڕ دۆشین، لەو جێگایەدا ئاژەڵەکان تێیدا مۆڵ دراون دەوترێت بانەبێری و ناونراوە بانەمەڕ، یان بەو واتایەش دێت کەش و هەوا خۆشدەکات و ئاژەڵەکان لەدەر و دەشت و بانەکان دەمێننەوە و بەشاخ و کێوان هەڵدەگەڕێن و چونکە خەمی گەڕانەوە بۆ ناومال و جێگەیان نابێت بەوەش دەگوترێت بانەمەڕ واتە مەڕ دەچێتە بان و شوێنە دوورەکانی چیا. گولآنیش بەواتای ئەوەی لەم مانگەدا گوڵە بەهاریەکان دەپشکوێن و سەردەردێنن و سروشت بەگوڵ وگولزاری ڕەنگاوە ڕەنگ دەڕازێتەوە و مانگی گوڵ و جوانیە و پەیوەستە بەسروشتی کوردستان.

٣. جۆزەردان: مانگی سێیەمی وەرزی بەهارە.واتای جۆزەردان لەوەوە هاتەوە کەلەم مانگەدا کێڵگەکانی جۆ بەرەو پێگەشتن دەچن و جۆ زەرد دەبێت و ڕووی سروشتی سەوزاریی بەهۆی گەرمی خۆرەوە زەرد هەڵدەگەڕێت و سەوزای بەهار بەرەو نەمان دەچێت لەبەر ئەوە ناونراوە جۆزەردان و پەیوەستە بەکشتوکاڵەوە.

٤. پوشپەڕ: مانگی یەکەمی وەرزی هاوینە و یەکەم ڕۆژی چلەی هاوین لەم مانگەدایە. لەم مانگەدا گژوگیای سەوز و بەرووبومە کشتوکاڵیەکان وشك دەبن و ئەوەرن و تەختی زەوی دەبن دەبنەپوش وبەدەم گێژەلوکە و شنەی شەماڵەوە دەوکەونە چەم و دۆڵەکان،بۆیە بەم مانگە وتراوە پوشپەڕ،ئەمەش پەیوەستە بەسروشتەوە.

٥. خەرمانان: یەکێکە لەمانگەکانی ساڵی کوردی دووەم مانگی وەرزی هاوینە.لەم مانگەدا گژوگیاو بەروبومە کشتوکاڵیەکان بەرهەم دێن و پێدەگەن وخەلەو خەرمان خڕدەکرێتەوە و خەرمانی لێدروست دەکرێت، لەم سۆنگەیەشەوە بەو مانگە وتراوە خەرمانان.ئەمەش پەیوەستە بەبەرهەمی کشتوکاڵەوە

٦. گەلاوێژ: ئەم مانگە سێیەم مانگی وەرزی هاوینە.کاتێك ٤٥ ڕۆژ لەهاوین دەڕوات و دونیا بەرەو فێنکی دەچێت و ئەستێرەی کۆچەری لەوکاتەدا دەردەکەوێت کەئەستێرەیەکی گەشاوەیەو ڕووناکی دەبەخشێت، لەکوردەواریدا دەڵێن گەلاوێژ کەوتووە واتە گەولاێژ هەڵهاتووە، لەبەر ئەوە ئەم مانگە لەناوی ئەو ئەستێرەوە ناونراوە گەلاوێژ.ئەمەش پەیوەستە بەفەلەك و ئەستێرەو ئاسمانەوە

٧. ڕەزبەر: مانگی یەکەمی وەرزی پایزە.وەك لەناوەکەیدا دیارە لەم مانگەدا بەروبومی باخ و ڕەزەمێوەکان بەتەواوی هەمە چەشنەکانیەوە دێنەبەر و پێدەگەن، لەبەر ئەوە بەم مانگە وتراوە ڕەزبەر.ئەمەش پەیوەستە بەبەرهەمی ڕەزداری و میوە جۆربەجۆرەکان.

٨. گەڵاڕێزان یان خەزەڵوەر: مانگی دووەمی وەرزی پایزە. لەم مانگەدا سروشت زیز و زویرە و گەڵای درەختەکان زەرد دەبن و دەوەرن و دەکەونە ژێر درەختەکان و گەڵاڕێزان دەکەن، بای شەماڵ هەڵدەکات و بەرگ و گەڵای دار و دەوەن جیا دەکاتەوەو دەیخاتە سەر زەوی بۆیە بەم مانگە وتراوە گەڵاڕێزان.خەزەڵوەریش لە(خەزان و وەرین،زەردبوون)ەوە هاتوە کەخەزان بەجۆرە بایەك دەڵێن کەگەڵای زەردبووی درەختەکان

دەوەرێنێت،لەبەر ئەوە بە خەزەڵوەر ناوبراوە.ئەمەش پەیوەستە بەسروشت و سروشتی سەوزایی.

٩. سەرماوەرز: مانگی سێیەمی وەرزی پایزە، لەم مانگەدا ئاووهەوا دەگۆڕێت و سەرەتای سەرما و کزەبای سارد دەست پێدەکات، لەبەر ئەوە بە سەرماوەرز ناونراوە ئەمەش پەیوەستە بەکەش وهەواوە.

١٠. بەفرانبار: یەکەم مانگی وەرزی زستانە.لەدوای مانگی سەرماوەرز بەفر لەکێوەکانی کوردستان دەبارێت،لەسەرەتای ئەم مانگەوە سەرماو سۆڵە و بەفربارین دەست پێدەکات،لەبەر ئەوە بەم مانگە وتراوە بەفرانبار.ئەمەش پەیوەستە بەدیاردە سروشتیەکان.

١١. ڕێبەندان: دووەم مانگی وەرزی زستانە، لەکوردەواریدا بە(چلە)ی زستان دەناسرێتەوە. لەم مانگەدا سەرماو سۆڵە و سەهۆڵبەندان و شەختە بەسەر یەکدا دەکەون و ڕێگاکان بەهۆی بارینی بەفری زۆرەوە دەگیرێن و ئەمەش وادەکات کە کاروان و سەردان کەم ببێتەوەو زۆر کات لەم مانگەدا ڕێگە دەگیرێت، لەبەر ئەوە ئەم مانگە ناونراوە ڕێبەندان.

١٢. ڕەشەمێ: سێیەم مانگی وەرزی زستانە.ڕەشەمە واتە ڕەشبونەوەی زەوی دوای ئەوەی بەبەفر سپی پۆش کرابوو. ئیدی هەوا خۆش دەبێت وەرز بەرەو خۆشی دەچێت و زەوی گەرم دەبێت، کچانی کوێستانەکان خۆیان دەدەنە بەر هەتاو ڕەش دادەگەڕێن، خەڵکی دەڵێن:ڕەشە مێ واتە مێینەکان ڕەش دادەگەڕێن، تەنانەن لەم مانگەشدا کوڕانیش مەیلەو وڕبون و ڕەشداگەڕان دەچن، لەبەر ئەوە بەم مانگە وتراوە ڕەشەمێ، لەلایەکی دیکەشەوە لەم مانگەشدا پشیلە دێتە (نەهرۆ) واتە زاوزێ،کەپشیلەی مێ بەدەنگێکی ناساز بەدەوری پشیلەی نێردا بازدەدات

و دەماوێنێت و لەکوردەواریدا بەو دەنگە وتراوە(ڕەش میاو) دواتر مانگەکەی بەناوەوە ناونراوەو بووە بە ڕەشەمێ، جگە لەوانەش لەلایەکی دیکەوە لەکۆتایی ئەم مانگەدا شەوانە ئاژەڵ دەبرێن بۆ شەو لەوەڕ ئەویش لەبەر گیا و سەوزایی ڕەش دێنەوە بەرچاو بەوەش دەڵێن گیا ڕەش،ئەویش کورت دەکرێتەوە بۆ ڕەشەوە واتە شەو ڕەش بوەتە ڕەشەمێ.

ئەم واتا و ناوە جوانانە لەگەڵ سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و چاودێریکردنی سروشت و دەرکەوتنی دیاردە سروشتیەکان لەئاسمان و زەوی و کەشە کشتوکاڵیەکان سەریان هەڵداوەو پەیدابوون و زەمەنی ساڵێکی کشتوکاڵیان پڕکردوەتەوە و ئەمەش لەسەرەتای سەرهەڵدانی کشتوکاڵەوە هەبووە.

## بەشی یەکەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کوردی

پێویستە ئەوە بزانین کەسەرەتای گۆڕینی ساڵی کوردی لەگەڵ سەرەتای گۆڕینی ساڵی زاینی نیەو نزیکەی دوومانگ و بیست و یەك ڕۆژیان جیاوازە واتە

ساڵی كوردی لەدوای ساڵی زاینیەوە سەرەتای سالگۆڕینی دەست پێدەكات لەبەر ئەوە ئەم یاسایە،تەنیا بۆ مانگەكانی كانونی دووەم و شوبات نابێت، بەلاَم لە (٩) مانگ و (١١) ڕۆژەكەی تردا ئەم یاسایەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت لەساڵی زاینیدا واتە لە٣/٢١ی ئازار تاوەكو ١٢/٣١كانونی یەكەم،بەگشتی دەكرێت بلێین(٧٠٠+ساڵی زاینی) دەكاتە ساڵی كوردی و پێویستە ڕەچاوی ئەو ڕۆژ و ڕێكەوتە بكەین لەگەڵ ساڵە كوردیەكەدا هەیە چونكە بەم شێوەیە ڕووبەڕووی دوویاسا دەبینەوە.

## یاسای یەكەم : گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ كوردی

لەم یاسایەدا ئەگەر ساڵێكی زاینیت هاتە بەردەست ڕۆژ و مانگی لەگەڵ بوو ئەوا بەم دوو یاسایە دەیگۆڕیت بۆ ساڵی كوردی.

**یەكەم:**ئەگەر هاتوو ڕۆژ و مانگی ساڵەكە كەوتبووە پێش(٣/٢١)ساڵی زاینی ئەوا ئەم یاسایە پەیڕەو دەكەیت بۆنمونە ساڵی (١٩٣٧/٢/١٤)زاینی چۆن دەگۆڕیت:

لەبەر ئەوەی ڕۆژ و مانگی ساڵەكە(٢/١٤) كەوتوەتە پێش مانگی سێی ساڵی زاینی ئەوا ئەم یاسایە پەیڕەو دەكەیت:

یاساكە: ساڵی زاینی +٦٩٩

٦٩٩+١٩٣٧

= ٢٦٣٦

بەم شێوەیە(١٩٣٧/٢/١٤)ی زاینی بەرامبەرە بە (٢٥ی ڕێبەندانی ٢٦٣٦)ی كوردی.

**دووەم:** ئەگەر هاتوو ڕۆژ و مانگی ساڵەکە کەوتبووە دوای (٣/٢٠)ساڵی زاینی ئەوا ئەم یاسایە پەیڕەو دەکەیت،بۆنمونە ساڵی(١٩٧٧/٧/٧)چۆن دەگۆڕیت:

لەبەر ئەوەی ڕۆژ و مانگی ساڵەکە(٧/٧) کەوتوەتە دوای مانگی سێی ساڵی زاینی ئەوا ئەم یاسایە پەیڕەو دەکەیت:

یاساکە: ساڵی زاینی +٧٠٠

١٩٧٧+٧٠٠

= ٢٦٧٧

بەم شێوەیە(١٩٧٧/٧/٧)ی زاینی بەرامبەرە بە(١٦ی پووشپەڕی ٢٦٧٧)ی کوردی

## یاسای دووەم : گۆڕینی ساڵی کوردی بۆ زاینی

**یەکەم:** ئەگەر هاتوو ڕۆژ و مانگی ساڵەکە کەوتبووە پێش(١١ی بەفرانبار)ی ساڵی کوردی ئەوا ئەم یاسایە پەیڕەو دەکەیت بۆنمونە ساڵی(١٦ی پوشپەڕی ٢٦٧٧)ی کوردی چۆن دەگۆڕیت:

لەبەر ئەوەی ڕۆژ و مانگی ساڵەکە(١٦ی پووشپەڕ) کەوتوەتە پێش مانگی ١١ی بەفرانبار ساڵی کوردی ئەوا ئەم یاسایە پەیڕەو دەکەیت:

یاساکە: ساڵی کوردی —٧٠٠

٢٦٧٧—٧٠٠

= ١٩٧٧

بەم شێوەیە(١٦ی پووشپەڕی ٢٦٧٧)ی کوردی بەرامبەرە بە (١٩٧٧/٧/٧)ی زاینی.

**دووەم:** ئەگەر هاتوو ڕۆژ و مانگی ساڵەکە کەوتبووە دوای(١٠ی بەفرانبار) ساڵی کوردی ئەوا ئەم یاسایە پەیڕەو دەکەیت بۆنمونە ساڵی(٢٥ی ڕێبەندانی٢٦٣٦)ی کوردی چۆن دەگۆڕیت:

لەبەر ئەوەی ڕۆژ و مانگی ساڵەکە(٢٥ی ڕێبەندان) کەوتوەتە دوای مانگی ١٠ی بەفرانبار ساڵی کوردی ئەوا ئەم یاسایە پەیڕەو دەکەیت:

یاساکە: ساڵی کوردی –٦٩٩

٦٩٩–٢٦٣٦

= ١٩٣٧

بەم شێوەیە(٢٥ی ڕێبەندانی ٢٦٣٦)ی کوردی بەرامبەرە بە (١٩٣٧/٢/١٤)ی زاینی.

## بەشی دووەم: گۆڕینی ساڵی کوردی بۆ کۆچی

یاساکە:(ساڵی کوردی– ١٣٢١,٦)×١٠٠÷٩٧

٢٧٠١–١٣٢١,٦)×١٠٠÷٩٧)

١٤٢٢,٠٦١

تێبینی : ئەگەر ماوەکە لە٥٠٪کەمتر بوو لای ئەبەین و ئەگەر لە ٥٠٪زیاتر بوو دەیکەین بە(١) ئەخرێتە سەر ژمارەکە

## بەشی سێیەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ کوردی

یاساکە : ساڵی کۆچی− (٣×ساڵی کۆچی)÷١٠٠+١٣٢١,٦

١٤٢٢−(٣×١٤٢٢÷١٠٠) + ١٣٢١,٦

(١٤٢٢− ٤٢,٦٦)+١٣٢١,٦

٢٧٠٠,٩٤

ئەو ژمارەیەی دوای فاریزەکە ماوەتەوە لە ٥٠٪ زیاترە ئەکرێت بە (١) و ئەخرێتە سەر ژمارەکە دەبێت بە (٢٧٠١)ی کوردی

## بەشی چوارەم : گۆڕینی ساڵی کوردی بۆ (کۆچی هەتاوی)

هەرچەندە سەرەتای سالگۆڕینی ساڵنامەی کوردی و ساڵنامەی کۆچی هەتاوی لەیەك ڕۆژدان بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ساڵی کوردی (١٣٢١) ساڵ لە ساڵی کۆچی هەتاوی گەورەترە. ئەگەر ساڵێکی کوردیت هاتە بەردەست،ئەوا بەم شێوەیە دەیگۆڕین بۆ ساڵی ئێرانی: نمونە ساڵی ٢٧١٤کوردی ساڵی چەندی ئێرانیە ؟

یاساکە: ساڵی کوردی — ١٣٢١= ساڵی ئێرانی

= ١٣٢١− ٢٧١٤

١٣٩٣ ی ئێرانی

## ڕۆژژمـــێری کـــۆچـــی[٩]

یەکێکی دیکە لەڕۆژژمێرە گرنگەکان لەجیهانی ئیسلامیدا بوونی هەیە و بەکاردەهێنرێت و کاری پێدەکرێت ڕۆژژمێری کۆچی یان ساڵنامەی کۆچیە، بەعەرەبی (التقويم الهجري)ی پێدەوترێت، ڕۆژژمێری ئیسلامی کەڕۆژژمێری مانگی (قەمەری)ەو بەگشتی بەڕۆژژمێری کۆچی ناسراوە، پشت بەخولانەوەی

[٩] – ئەم ڕۆژژمێرە لەژمارە (٤٧) گۆڤاری ئایندەسازی بلاّوکراوەتەوە.

مانگ دەبەستێت بەدەوری زەویداو هیچ پەیوەندیەکی بەساڵی خۆریەوە نیە، ساڵی مانگی واتە ئەو ماوەیەی کەمانگ لە (هیلال)ی خۆیەوە دەورێکی تەواوی خۆی لەماوەی ٢٩ ڕۆژ و ١٢ کاتژمێر و (٤٤)[١٠] خولەك و٢,٨٠٣٢چرکە دەپێوێت، بەمەش کۆی ڕۆژەکانی ساڵی مانگی لەباری ئاسایدا (٣٥٤) ڕۆژ و (٦)کاتژمێر و(٤٨)خولەك و(٣٦)چرکەو لەباری کەبیسەدا(پڕ) ٣٥٥ڕۆژ دەبێت، ئەم ڕۆژژمێرە بۆ دیاریکردنی (ڕۆژ و مانگ و ساڵ)ی کۆچی کەلەسەرەتای کۆچی پێغەمبەرەوە(ص) لەمەکەوە بۆ مەدینە دەست پێدەکات موسوڵمانان لەهەموو شوێنێك بەکاری دەهێنن بەتایبەت بۆ دیاریکردنی بۆنە ئاینیەکان.

ساڵی کۆچی یەکێکە لەساڵە پڕبایەخەکان لەمێژووی ئیسلام و مسوڵمانان‌دا، بڕیاری کۆچ لەلایەن پێغەمبەر(ص) بڕیارێکی مێژوویی بوو،چونکە موسڵمانان مێژووەکەیان بەساڵی لەدایك بوون و بەڕۆژی هاتنە خوارەوەی وەحی و بەڕۆژی کۆچی دوایی و پێغەمبەر دەست پێناکات بەڵکو بەو ڕۆژە دەست پێدەکات کە پێغەمبەر(ص) لەتەمەنی(٥٣)ساڵیدا لەمەکەوە بۆ مەدینە کۆچی کرد،ئەمەش ڕێکەوتێکی گرنگە لەمێژووی موسڵمانان‌داو دواتر بەساڵی کۆچی ناسێنرا.

***ڕووداو ومانگەکانی سەردەمی نەفامی وەك ڕۆژژمێر بەکاردەهاتن:***

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە عەرەب لەپێش ئیسلامدا ڕۆژژمێر(تقویم)ی زۆریان هەبووە و کاریان پێکردوە ئەوانەش لێکدەرەوەی ڕۆژ و مانگ بوون بەبێ ئاماژەدان بەتۆماری ژمارەیی بۆ دیاری کردنی بەدوایەکدا

---

[١٠] – لەهەندێك سەرچاوەدا ئاماژە بە (٤٣) خولەك دەکات.

هاتنی ساڵەکان، بەڵکو ئاماژەیان دەدا بەساڵەکان بەپێی ئەو ناوانەی کەڕووداوی گرنگ و دیاریان تێدا ڕوویداوەو کۆمەڵێك ڕووداویان وەك مێژوو دیاریکردوە وەك:(ڕووخانی سەدی مەئرەب (أنهيار سد المأرب)، شەڕی خراپکاران (حرب الفجار)، ناوی سەرۆك هۆزەکان، بومەلەرزە)، بەناوبانگترین ساڵ لای خەڵکی مەکە و ئەو هۆزانەی سەربەئەوان بوون بەکاریان دەهێنا ساڵی فیل(عام الفيل)بوو.بەم شێوەیە عەرەب تا پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کاریان بە(ساڵی فیل)دەکردو تەنانەت تا سەردەمی پەیامبەری ئیسلامیش کارکراوە بەساڵ و ئەو ڕووداوانەی وەك ساڵ دیاری کراون لەسەردەمی نەفامیدا و دواتریش لەسەردەمی موسوڵمانانیش سوودی لێوەرگیراوە، لەو سەردەمەدا ساڵنامە وەك ژمارەی بەدوای یەکدا هاتنی ساڵەکان بونی نەبووە و هەر تیرەیەك بۆخۆی ناوی مانگ و ساڵەکانی بەجیا بەکاردەهێنا، ئەویش وەك ساڵنامەی ئێستا نەبووە بەژمارە ساڵی جیاکردبێتەوە،بۆنمونە بۆ بەکارهێنانی ژمارەی ساڵ، وەك ئەوەی وتبێتیان ساڵی ئەوەندەیە شتێکی ئەوتۆ بەکار نەهاتووە،بەڵکو زیاتر ڕووداوی ساڵێکی دیاری کراو بوەتە ناوی ساڵ و بۆ ئاماژەکردن بەدیاریکردنی مێژووی ڕووداوەکانی پێش و دوای ئەو ساڵە بەکارهاتووە، بۆ ئەمەش ساڵی فیل لەسەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە ئەڵێت: لەساڵی فیل یان دوو ساڵ پێش یان پاش ساڵی فیل ئەم ڕووداوە ڕویداوە یان فلانەکەس لەدایك بووە.

عەرەبەکان لەسەردەمی نەفامی و سەردەمی پێش ئیسلام ساڵ و مانگیان هەبووەو ئەو مانگانەی ئێستا وەکو مانگەکانی ساڵی ناویان دەبرێت لەلایەن دانیشتوانی نیمچە دوورگەی عەرەبەوە بەکارهاتوون و ژمارەی ڕۆژەکانیان

لەنێوان ٢٩ و ٣٠ ڕۆژدا بووە، جگەلەوەش ناوگەلێکی جیاوازیان هەبووە کەلەگەڵ مانگە کۆچیەکان ناتەبایی زۆریان هەبووە،ناوی مانگە عەرەبیەکانی سەردەمی نەزانی بەم شێوەیە بەکار هاتووە:(موئتمر، ناجر، خوان، بسان(صوان)،حنتم(حنین)،زبی(زیاء)،ئەصم،عادل،تافق(نافق)،وغل(واغل)، هواع(وزنه)،برك). لەبەر ئەوەی عەرەبەکان لەڕیزبەندی مانگەکاندا وەردبین نەبون و پاش و پێش یان نادروست دەیانخوێندنەوە. جگەلەوەش هۆزەکانی دیکەش مانگیان بەکاردەهێنا بەشێوازی خۆیان وەك هۆزی (ثمود) کەمانگەکانی خۆیان بەم شێوازە بەکاردەهێنا:(موجب، موجر، مورد، مازم،مصدر،هوبر،هوبل، موهاء،دیمر، دابر،حیفل، مسبل).

عەرەبەکان لەسەردەمی سەردەمی نەزانیدا ساڵی مانگیان بەکارهێناوەو سەرەتای مانگەکانیان بەدیتنی مانگ دەستی پێکردوەو لەسەردەمی ئیسلامیشدا بەهەمان شێوە بووە،جگە لەمانەش تەنانەت شەوی مانگەکانیشیان بەناوی تایبەتی خۆیانەوە ناودەبرد بۆ هەر سێ شەوێك لەمانگەکانی خۆیان ناوی جیایان دیاریکردبوو وەك:(سێ شەوی یەکەم(غرر)، سێ شەوی دووەم(نەقل)، سێ شەوی سێیەم(تسع)، سێ شەوی چوارەم(عشر)، سێ شەوی پێنجەم(بیض)،سێ شەوی شەشەم (درع)،سێ شەوی حەوتەم(ظلمە)،سێ شەوی هەشتەم(حنادس)،سێ شەوی نۆیەم(دئادی)،سێ شەوی دەیەم(محاق) هەر یەك لەم وشانە مانای تایبەتی خۆی هەبوو،وەك چۆن لەناو کورددا شەوی مانگەکان ناویان هەیە.بەم شێوەیە عەرەبەکانی پێش ئیسلام ناوی مانگەکانیان بەچەند شێوەیەکی جیاواز بەکار دەهێنا و کاروبارەکانی خۆیان پێ بەڕێدەکرد، تەنانەت ڕۆژی مانگەکانیش

لەساڵی مانگیدا (٢٩ یان ٣٠)ڕۆژ بووە.لەوسەدەمەشدا مانگە عەرەبیەکانیان بەسەر چوار وەرزدا دابەشکردبوون سەرەتاکەی لەوەرزی پایزدا بوو کەبە(ربیع)ناسرابوو پاشان (شتاء و صیف و قیظ)دەهات.بەلاّم لەسەردەمانی دواتردا ئەم شێوازە بەرەو کالّبونەوە ڕۆشت و لەئیستادا ناوی وەرزەکان بەم شێوەیە بەکاردەهێنرێت: (الربیع ،الصیف ،الخریف، الشتاء). جگە لەوەش ناوی ڕۆژەکانی هەفتەش لای عەرەبە کۆنەکانی سەردەمی نەزانی بەم شێوەیە بوون(( شیار(شەممە)، أول(یەك شەممە)، أهون یان أهود(دوو شەممە)، جبار(سیّ شەممە)، دبار(چوار شەممە)،مؤنس(پێنج شەممە)، عروبە(هەینی)،بەلاّم ئەم ناوانە زانیاریەکی ئەوتۆیان لەبارەوە نەمان و لەئێستادا بەکار نایەن.

### ڕووداوو ساڵەکانی سەردەمی پێغەمبەر وەك ڕۆژژمێر بەکاردەهاتن:

تەنانەت لەسەردمی پەیامبەری ئیسلام موسولّمانان سالّنامەیەکی دیاری کراویان نەبووە لەکاتێکدا ئەوان کۆچیان کردبوو بۆ مەدینەو خاوەن کیانی خۆیان بوو، هەر سالّێك کەدەکەوێتە نێوان ڕووداوی کۆچ و مەرگی پێغەمبەر(ص) بەناوی ڕووداوێکی تایبەت کەلەو سالّەدا ڕوویداوە جیایان کردبوویەوەو ناویان لەسەر دانابوو وەك:( یەکەم سالّی دوای کۆچ(سنة الاذن) و سالّی دووەم(سنة الامر بالقتال) و سالّی سێیەم(سنة التمحیص) و سالّی چوارەم(سنة الترفئة)و سالّی پێنجەم(سنة الزلزال) و سالّی شەشەم(استئناس) و سالّی حەوتەم(سنة الاستغلاب) و سالّی هەشتەم(سنة الاستواء) و سالّی نۆیەم(سنة البرائة) و سالّی دەیەم(سنة الوداع) و ئەگەر یەکێك لەو ناوانە بهاتایەتە سەر زمانی موسولّمانان بەس بوو تابلّێن ئەو ناوە سالّی چەندی

کۆچیە. بەم شێوەیە لەو سەردەمەشدا موسوڵمانەکان لەبری ساڵنامەیەکی دیاری کراو ئەم ناوانەیان دیاری دەکرد و بەکاریان دەهێنان.

وەك چۆن موسوڵمانان لەسەردەمی پێغەمبەردا(ص) ڕۆژژمێریان نەبوەو بەکاریان نەهێناوە، بەهەمان شێوە دوای کۆچی دوای پێغەمبەرو لەسەردەمی یەکەمین خەلیفەی ئیسلام(ئەبوبەکری صدیق ١١-١٣کۆچی)دا موسوڵمانان ڕۆژژمێریان نەبووە، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بوو. یەکەم: ئەبوبەکری صدیق ماوەی خەلافەتەکەی زۆر کورت بوو، دووەم:جگەلەوەش لەو ماوەیەدا زۆر سەرقاڵ بوو بەشەڕی هەڵگەڕاوەکان.ئەمانە هۆکار بوون کە خەلیفەی یەکەم بیر لەدانانی ڕۆژژمێر نەکاتەوە.

***سەرەتای دانانی ڕۆژژمێر لەمێژووی موسوڵماناندا:***

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ڕۆژژمێری کۆچی و چۆنیەتی دانانی ئەم ڕۆژژمێرەیە، سەرەتای ئەم ڕۆژژمێرە لەلایەن خەلیفەی موسوڵمانان (عومەری کوڕی خەتاب)ەوە دانراو کۆچی پێغەمبەری ئیسلام لەمەکەوە بۆ مەدینە هەڵبژارد، کەلەشەوی ٢٨/٢٧صەفەر دەستی پێکرد و لەڕێکەوتی ١٢ی ربیع الاول گەیشتە شاری مەدینە، یەکێك لەکارە باش و پێویستیەکان ئیمامی عومەر پێی هەستا بریتی بوو لەدانانی ڕۆژژمێری کۆچی بۆ خزمەتی زانست و موسوڵمانان بۆ بەکار هێنانی ساڵەکان، ئەمەش بویە دەروازەیەکی مێژووی گرنگ بۆ موسوڵمانان و مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی،لەبەر ئەوە خودی خەلیفە عومەر بونی ساڵنامەیەکی بۆ مێژووی ئیسلام بەکارێکی پێویست دانا.

***هۆکارەکانی دانانی ڕۆژژمێری کۆچی:***

لەدانانی ڕۆژژمێردا چەندین هۆکاری گرنگ هەبوون بۆئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کەموسوڵمانانیش ڕۆژژمێرێکیان هەبێت لەسەری بڕۆن و ڕووداوەکان تۆمار بکەن، بەتایبەت لەدوای کۆچکردن و وەفاتی پەیامبەر، لەگرنگترین ئەو هۆکارانەش فراوانبوونی خاکی دەسەلأتی ئیسلامی و زۆر بوونی ڕووداوەکان و فراوانبوونی سنورەکانی دەولەتی ئیسلامی و زۆر بوونی نوسراوەکان، لەلایەکی دیکەشەوە هۆکاری دیاریکردنی ڕۆژژمێری کۆچی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (شەعبی) دەگێڕێتەوە کە(ئەبوموسای ئەشعرەی) نوسراوێکی نارد بۆ لای ئیمامی عومەر و ڕایگەیاند کەلەلای ئێوەوە نوسراومان بۆ دێت مێژوو و ڕێکەوتیان لەسەر نیە،جگە لەوەش (مەیمونی کوڕی مەهران) دەگێڕێتەوە کە بەڵگەنامەیەك برایە لای ئیمامی عومەر لەکاتی جێبەجێکردنی مانگی شەعبان بوو،خەلیفەی موسوڵمانان فەرمووی لەکام شەعباندا هاتووە یان ئێمە لەکام شەعباندایین، لەپاشان فەرمووی بەهاوەڵەکان شتێك دابنێین بۆ خەڵکی کەبەهۆیەوە کاتەکان بناسن.

## گرنگترین ڕاوبۆچونەکان بۆ دانانی ڕۆژژمێر:

لەکاتی دانانی ڕۆژژمێردا چەندین ڕاوبۆچوونی جیاواز هاتەئاراوە، ئەوەبوو خەلیفەی موسڵمانان (عومەری کوڕی خەتاب) لەساڵی (١٧)کۆچی پاش کۆبونەوە پرس و ڕاوێژ و ڕاوەرگرتن لەهاوەڵان بۆ دیاریکردنی ڕووداوێك کەسەرەتای ڕووداوێکی گرنگ بێت لەمێژووی ئیسلامدا، لەو کۆبونەوەیەدا بۆ دیاریکردنی ساڵنامەی کۆچی چەند ڕاوبۆچونێکی جیاواز پەیدابوو

وەك(یەكەم:ڕۆژی لەدایك بونی پەیامبەر. دووەم: سەرەتای هاتنی وەحی بۆ پەیامبەر. سێیەم:ڕۆژی كۆچی دوای پەیامبەر. چوارەم:هەندێك پێشنیازی ساڵی ڕۆمیان كرد بەڵام وترا ئەوە لەكاتی زولقەرنەین شتی پێ نوسراوە بۆیە ماوەكەی زۆر درێژە و پەسەند نەكرا. پێنجەم:هەندێكی دیكە وتیان لەمێژووی فارسەكانەوە بنوسن بەڵام بۆ ئەوەش وترا هەر پاشایەك هاتوەتە سەر تەختی دەسەڵات مێژووی پاشاكەی پێش خۆی پشتگوێ خستوەو لەسەرتای پاشایەتی خۆیەوە مێژووی بەكارهێناوە) بەم چەشنە هیچكام لەپێشنیازەكان پەسەند نەكران، بۆیە سەرئەنجام كۆی بۆچونەكان لەسەر ئەوەبوون كەماوەی چەندە پەیامبەر لەمەدینە ماوەتەوە زانیان ماوەی (١٠)ساڵ ماوەتەوە ئەمەش كاتێكی نزیك و باوەڕپێكراو بوو بۆیە ساڵنامەی كۆچیان هەڵبژارد كەدەكاتە كۆچی پەیامبەر بۆ مەدینە، لەنێو ئەوانەشدا هەر یەك لە(عومەری كوڕی خەتاب و عەلی كوڕی ئەبو تالب[١١] و ئەبو موسای ئەشعەری) ئەو بۆچونەیان هەبوو كە ڕووداوی كۆچكردنی پەیامبەری ئیسلام لەمەكەوە بۆ مەدینە بكەنە سەرەتای ساڵی كۆچی وەك سەرەتای ساڵنامەی ئیسلامی.چونكە بەهۆیەوە دەوڵەت دامەزراو ساڵنامەكەش بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەكار هات.

***هۆكارەكانی دیاریكردنی ڕووداوی كۆچ لەمەكەوە بۆ مەدینە:***

---

[١١] – هارونی كوڕی مەعروف دەگێڕێتەو و دەڵێت:عەبدولعەزیەی كوڕی محەمەد بۆی گێڕاینەوە كەعوسمانی كوڕی عوبەیدولا وتی: گوێم لەسەعدی كوڕی موسەیەب بوو فەرمووی:ئیمامی عومەر كۆچەران و یاریدەدەرانی كۆكردەوەو پێی فەرمون لەكەیەوە مێژوو بنوسین لەوەلامیدا عەلی كوڕی ئەبوتالب فەرمووی لەساتەوەختی دەرچوونی پەیامبەر لەزەوی هاوەڵدانانەوە بۆخوا،جالەبەر ئەوە ئیمامی عومەر ئەوەی پەسەندكرد و نوسی.

لەدیاریکردنی ڕووداوی کۆچ لەمەکەوە بۆ مەدینە چەند هۆکارێك هەبوون، لەڕاستیدا هۆکاری دیاریکردنی ئەم ڕووداوە واتە کۆچکردن لەمەکەوە بۆ مەدینە لەبەر ئەم هۆکارانەبوو کەبریتی بوون لە: (یەکەم: کۆچ(هیجرەت) گۆڕنێکی بنەڕەتی بوو لەپێغەمبەرایەتی و بەجێهێشتنی خۆشەویسترین وڵات و هاوبەشی صەحابەکان. دووەم:هۆکاری دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام بەناوی دەوڵەتی مەدینە کەبویە یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی لەمێژووی موسوڵماناندا. سێیەم:لەلایەکی دیکەش بەڕاستی کۆچکردنی پەیامبەر جیاوازی خستە نێوان حەق و باتڵ.چوارەم: هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کەدوای کۆچ کاروبارەکانی ئیسلام بەباشی و بەڕاستی بەڕێوە چوون و نەیارانی پەیامبەر شکستیان خوارد لەو پیلانەی کەبۆ پەیامبەریان دانانبوو ڕزگاری بوو)، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەوەی ڕاست و بەناوبانگە ئەوەیە خەلیفەی موسوڵمانان عومەری کوڕی خەتاب فەرمانی کرد بەدانانی ڕۆژژمێرێکی ئیسلامی بۆ موسوڵمانان ئەویش (ڕۆژژمێری کۆچی) بوو سەرەتای ڕۆژژمێرەکەش دیاریکردنی ڕۆژی(١ی موحرەم)[١٢] بوو، بەمەش ڕۆژی (١)ی موحەڕەم دیاریکراو بوو بەسەرەتای

---

[١٢] – لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەوەیش ئەوەیە لەکاتێکدا پەیامەبەری ئیسلام لەمانگی صەفەردا کۆچی کرد بۆ مەدینە بۆچی مانگی موحەڕەم کرا بە یەکەمین مانگی ساڵنامەی کۆچی لەبری مانگی صەفەر؟ لەکورتترین وەڵامدا ئاماژە بەوە دەکرێت موسوڵمانان کۆدەنگ بوون لەسەر ئەوەی مانگی موحەڕەم وەك مانگی یەکەم بمێنێتەوە بەسیفەتی ئەوەی لەسەردەمی پێش ئیسلامدا مانگی موحەڕەم یەکەمین مانگی بەکارهاتووی ساڵ بووە لەبەر ئەوە وەك خۆی هێشتیانەوە.لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەك چۆن ئیمامی عومەر ڕاوێژی کرد بەهاوەڵان بۆ دیاریکردنی ساڵێك بۆ دانانی ساڵنامەی ئیسلامی ئاواش ڕاوێژی پێکردن بۆ دیاریکردنی مانگێك بۆ سەرەتای یەکەمین مانگی ساڵنامەکە و چەندین ڕا هەبوو وەك(هەندێك وتیان مانگی ڕەمەزان لەبەر ئەوەی

هەموو ساڵێکی کۆچی لەمێژووی ئیسلام و موسوڵماناندا ئەمەش لەڕوانگەی مێژووییەوە، بەمەش ڕۆژژمێری ئیسلامی بەڕۆژژمێری کۆچی ناسراو لە(١)ی موحەڕەمی ساڵی کۆچی واتە(١/١/١) دەست پێدەکات، کەبەرامبەرە بەڕۆژی(١٦ی تەموزی ٦٢٢)[١٣] زاینی ئەمەش لەڕوانگەی ڕۆژژمێرو ژمارەوە، لەو کاتەشەوە ساڵنامەی کۆچی بویە ساڵنامەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی بۆ موسوڵمانانی جیهان بەگشتی و دەوڵەتی عەرەب و ئیسلامی بەتایبەتی، بەمشێوەیە لەو سەردەمەوە تا ئێستاش کار بەم ڕۆژژمێرە دەکرێت و لەپەرەسەندندایە.

ساڵنامەی کۆچی ساڵنامەیەکی ئاینیە و لەسەر گۆڕانکاری مانگ بنیاتنراوە و مانگەکانیش بەبینینی مانگ دەست پێدەکەن و ساڵی بۆ دوازدەمانگ دابەشکردووە، بەمەش ڕۆژمێری کۆچی لە(١٢)[١٤] مانگ پێك دێت واتە هەر

---

لەو مانگەدا قورئان هاتوەتەخوارو مانگی سروش(وەحی) و سەرەتای دەسپێکردنی بانگەوازیش لەم مانگەدابووەو گەورەترین مانگیشە. هەندێکی دیکە وتیان مانگی رەبیعو ئەول لەبەر ئەوەی لەو مانگەدا پەیامبەر گەیشتە مەدینە.بەلاَم هەر یەك لە( عومەر و عوسمان و عەلی) یەك دەنگ بوون کەمانگی موحەڕەم یەکەم مانگی ساڵی کۆچی بیّ، لەبەر ئەوەی پێش ئەو مانگە مانگی(زیلحیجە)یەو موسوڵمانان ئەرکەکانیان جێبەجیّ دەکەن و تەواوکەری پایەکانی دینە، جگە لەوەش پەیماندانی ئەنصارەکان و دڵدامەزراندنیان لەسەر کۆچ لەم مانگەدابووە.

[١٣] – لەهەندێك سەرچاوەکاندا ڕۆژی ١٩ی تەموزی ٦٢٢ زاینی دیاری کراوە،بەلاَم بەپێی زۆر بەی سەرچاوەکان ١٦ی تەموز دیاریکراوەو ئەم ڕۆژە ڕاسترە.

[١٤] – هەموو نەتەوەکان بەعەرەب و عەجەمەوە لەسەر ئەوە کۆکن کەژمارەی مانگەکانی ساڵ ١٢ مانگە،لەم بارەیەوە مەسعودی دەڵێت:(ژمارەی مانگەکان لای عەرەب و هەموو عەجەم ١٢مانگە)ئەمەش بەو وتەیەی خوای گەورە پشت ڕاست دەبێتەوە کە دەفەرموێت:(ان عدة الشهور عند الله اثنا عشر شهرا في كتاب الله يوم خلق السماوات والارض)،سورة التوبة الاية(٣٦)

ساڵێکی کۆچی دەکاتە (٣٥٤) ڕۆژ و بەتەواوەتی بریتیە لە(٣٥٤,٣٦٧٠٥٦) ڕۆژ ، مانگەکانیش[١٥] لەم ڕۆژژمێرەدا (٢٩) یان (٣٠) ڕۆژە (لەبەر ئەوەی خولی مانگی ئەکاتە(٢٩,٥٣٠٥٨٨ڕۆژ) بەمەش ساڵنامەی کۆچی ١١ ڕۆژ یان ١٢ڕۆژ جیاوازی هەیە لەگەڵ ساڵنامەی زاینیدا،واتە کۆی ڕۆژەکانی ساڵنامەی کۆچی ١١ یان ١٢ ڕۆژی کەمترە لە کۆی ڕۆژەکانی ساڵنامەی زاینی.دوای ئەوەی موسوڵمانان ساڵی کۆچیان دیاری کردو سودیان لەمانگەکانی پێشتر بینی بەم شێوەیە لەو سەردەمەوە مانگەکان بەم شێوازە دیاری کران و بەکار هاتن.دەست پێکردنی سەرەتای مانگەکان لەساڵی مانگیدا بەبینی مانگ دەست پێدەکات و بە ونبون و دیار نەمانی مانگ کۆتایی دێت و سەرەتای مانگی نوێ دەست پێدەکات.ئێستا لەنێو جیهانی ئیسلامیدا ناوی مانگەکانی ساڵنامەی کۆچی بەم شێوەیەو بەم ڕیزبەندیە بەکاردەهێنرێت و کاری پێدەکرێت. ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەویش ئەوەیە ژمارەی ڕۆژەکان لەم ڕۆژمێرەدا ٢٩ یان ٣٠ ڕۆژە و هەندێك جاریش گۆڕانکاری لەژمارەی ڕۆژەکان ڕوو دەدات، ئەمەش بەهۆی دواکەتن و درەنگ بینینی مانگ ڕوودەدات لەبەر نالەباری کەش و هەواو شوێنی جوگرافی وڵاتان.ژمارەو مانگ و ڕۆژەکانی مانگی ساڵنامەی کۆچی بەم شێوەیە هاتوون: (محرم ٣٠ڕۆژ، صفر٢٩رۆژ، ربیع الاول٣٠ڕۆژ، ربیع الثاني(ربيع الاخرة) ٢٩ ڕۆژ، جمادی

---

[١٥] – ئەبونەسر فەراهی لەشیعرێکدا ناوی ئەم دوازدە مانگەی ساڵی مانگی بەم شێوەیە هیناوە:

موحەڕەم کەبڕوات دێتەوە مانگی سـەفەر — دوو ڕەبیع و دوو جەمـادی دێنەسەر
پاش ڕەجەب شەعبان و ڕەمەزان و شـواله — جا زیـقەعدە و زیحەجە بـخەنە ئاخـر

الاول٣٠ڕۆژ، جمادی الاخرة ٢٩ڕۆژ، رجب ٣٠ڕۆژ، شعبان ٢٩ڕۆژ، رمضان ٣٠ڕۆژ، شوال ٢٩ڕۆژ، ذو القعدة ٣٠ڕۆژ ، ذو الحجة ٢٩ ڕۆژ.

ئەوەی شایەنی باسکردن بێت ئێمەی کورد وەك دانیشتوانی کوردستان و بەشێك لەجیهانی ئیسلامی لەزانستی مێژووماندا بەدوو جۆر لەساڵنامەی کۆچی ئاشنابوین ئەوانیش(ساڵنامەی کۆچی مانگی کەبەساڵنامەی ئیسلامی ناسراوە و ساڵنامەی کۆچی هەتاوی)ە کەلەبەشی دواتردا باسی ساڵنامەی کۆچی هەتاوی دەکەین.

## واتای ناوی مانگە عەرەبیەکان:

١. موحەڕەم: مانگی یەکەمە لەڕۆژژمێری کۆچیدا،یەکێکە لەو مانگانەی شەڕو کوشتاری ناوخۆیی لەدورگەی عەرەبی بەتایبەت لەشارەکانی وەك(مەککە و مەدینە) تێیدا حەرامە و بەهیچ شێوەیەك شەڕی تێدا ئەنجام نەدراوە لەبەر ئەوە بەموحەڕەم(قەدەغەکراو) ناونراوە و یەکێکە لەو چوار مانگەی شەڕ و کوشتنیان تێدا حەرام کراوە.

٢. صەفەر:لەم مانگەدا عەرەبەکان دەستیان دەکرایەوە و دەردەچون بۆ شەڕی ناوخۆیی شاروگوندەکان چۆڵ دەکران و هیچیان تێدا نەدەهێشت و بەرەو شەڕو هەرا دەڕۆیشتن و دەیاندا بەسەر یەکتردا و بێبەزەییانە شالاویان دەبردە سەر یەکتر، دەوترا عەرەب لەمەکە دەرچون گەڕەك و ماڵەکان چۆڵ دەبون(اصفرت الديار)واتە کەسی تێدا نەما لەبەر ئەوە بە صەفەر ناودەبرا و سفر دەبونەوە لەخەڵکو دەردەچون بۆ غەزوو.بەواتایەکی دیکەش لەترسی دەست پێکردنەوەی شەڕ ڕەنگیان زەرد هەڵدەگەڕا.

٣. رەبیعی یەکەم و ڕەبیعی دووەم: رەبیع لەعەرەبیدا بەمانای بەهاردێت.ئەمەش لەکاتی بەهاری ئەو سەردەمەدا بووەو لەوەرزی بەهارد ناونراوە،گژوگیا سەوز دەبوون لەبەر ئەوە بە(رەبیعی یەك ورەبیعی دووەم)واتە بەهاری یەکەم و بەهاری دووەم ناودەبران.

٤. جەمادی یەکەم و جەمادی دووەم:لەبەر ئەوەی ئەم ناوەی لێنراوە وەرزی زستان بووەو دوومانگەش لەزستاندا بوون و لەو سەردەمەدا ئاو بەستویەتی لەبەر زوقم و سەرما، لەبەر ئەوە بەناوی(جەمادی) ناونراون واتە مانگی بەستووی یەکەم ودووەم.

٥. رەجەب: لەسەردەمی نەفامیدا عەرەب زۆر بەگەورەو پیرۆزیان زانیەوەو وازیان لەشەڕ و کوشتار هێناوەو شەڕ قەدەغە دەکرا،لەبەر ئەوە بەڕەجەب واتە(وەستانی جەنگ یان لەکوشتار وەستان) ناودەبرا.کەلە وشەی(رجبت الشئ– ترسان لەشتێك)ەوە هاتووە.

٦. شەعبان:دوای ئەوەی عەرەبەکان لەمانگی رەجەب شەڕیان لیٚ قەدەغەکراوبوو،دوای پشووی یەك مانگە دیسان عەرەبەکان دەستیان دەکرایەوە،بەش بەش دەبوون بۆ هێرش و پۆل بەپۆل دەستیان دەکردەوە دزی و تالأنی و وێرانکاری ئەمەش بۆ پەیداکردنی دەستکەوتی خۆیان و پەیداکردنی ئاو بۆ ئاودانی ئاژەڵەکانیان، ئەمەش بەشەعبان بەواتای جیابوونەوەو دەستکرانەوە ناو دەبرا.

٧. رەمەزان: هۆکاری ناونای بەم ناوەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەوکاتەی ئەم ناوەی بۆ دانراوە کاتی وەرزی گەرمابووە. جگەلەوەش لەکۆندا ناتقی پێوتراوە،کاتێك ناوەکەیان گۆڕا کەوتە مانگێکی گەرم،(مضاء) واتە زۆر گەرم،ئەمەش لە (الرمضاء)ی عەرەبیەوە هاتووە کە ئەوپەڕی گەرما دەگرێتەوە و ناوی مانگەکە لەو کاتە نراوە بەرەمەزان یان گەرما ناونراوە. عەرەبەکانی سەردەمی نەزانی ئەم ڕۆژەیان زۆر بەگەورە دەزانی.

٨. شەوال:عەرەبەکان لەبەر ئەوە ئەم مانگەیان بەم شەوال ناوناوە شیری وشترەکانیان وشك بووە و وتراوە(تشولت الابل اي جف لبنها). بۆچونێکی دیکەش هەیە ئەم ناوە لەکلك گرتنی حوشتری(میٚ)وە هاتووە و حوشتر کلك بەرزدەکاتەوە(اشاله)ی دەکرد داوای دروست بوون دەکات. یان بەواتای وشککردنی شیری وشترەکان وتراوە کاتێك شیرەکەیان وشکی دەکرد. لەبەر ئەوە بەشەوال ناونراوە.

٩. زولقەعدە: ئەمەش لە(قعود) واتە دانیشتنەوە یان دانیشتن هاتووە،بەواتای دانیشتن و پشوودان و دورکەوتنەوە لەشەڕ

هاتووە(اقعد و عن القتال) چونکە ئەم مانگەیان بەگەورە دادەنا.ئەم مانگە یەکێکە لەمانگە حەرامەکان و شەڕکردن تێیدا حەرام کراوە،لەبەر ئەوە بەزولقەعدە ناونراوە.

١٠. زولحەجە: لەکاتی حەجکردنی ئەو مانگەدا ناونراوە،چونکە لەم مانگەدا حەجیان ناسیوەو مانگی حەجکردنە و جەژنی قوربانی تێدایە، عەرەبەکان لەکۆندا حەجیان ئەنجام داوە لەهەموو لایەکەوە خەڵك هاتوون بۆ حەج و سەرقاڵی حەج و زیارەت و تەواف بوون ،لەبەر ئەوە بەمانگی حەج ناونراوە.

پێویستە لێرەدا ئەوەش بخرێتەڕوو کەلە ئێستادا شانشینی عەرەبی سعودی تاکە دەوڵەتە لەجیهاندا کەڕۆژژمێری کۆچی وەك ڕۆژژمێری فەرمی بەکاردەهێنێت،ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کەلەماوەی ٨٦ ساڵی مێژووی شانشینی عەرەبی سعودی (ساڵنامەی کۆچی) وەك ساڵنامەی فەرمی دەوڵەت کاری پێکراوە، بەلاَم لەئێستادا ئەنجومەنی وەزیرانی سعودیە بڕیاری داوە ئیدی لەدابەشکردنی موچەی فەرمانبەران و مامەڵەداراییەکان ڕۆژژمێری زاینی بەکار بهێنرێت.

# بەشی پێنجەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی[١٦]

## یاسای یەکەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی

یاساکە: (ساڵی کۆچی × ٩٧ + ٦٢١٥٦)

لەم یاسایەدا پاش کۆکردنەوەو لێکدان ژمارەیەك دەردەچێت لێرەدا ئەگەر :

[١٦] – لەگۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی چەند یاسایەك ئامادەکراوەو بەکار هێنەر دەتوانێت بەئارەزووی خۆی کام یاسای بەلاوە ئاسان بێت ئەوە بەکار بهێنێت و کاری پێبکات.

یەکەم : ئەگەر دوو ژمارەی یەکەمی ژمارەکە لەنیوە واتە لە(٥٠) زیاتر بوو ئەوا دوو ژمارەکە دەکەین بە ژمارە(١) و لەگەڵ ژمارەکەی تر کۆی دەکەینەوە

ساڵی کۆچی × ٩٧ + ٦٢١٥٦

١٢٥٧٨٨= ٦٢١٥٦ + ٩٧ × ٦٥٦

دەبینین دوو ژمارەی یەکەمی(٨٨)ەو لە نیوە گەورەترە ئەوا ئەوە دەکەین بە ژمارە (١) و لەگەڵ ١٢٥٧ کەدا کۆی دەکەینەوە دەبێت بە ١٢٥٨ی زاینی.

دووەم : بەڵام ئەگەر دوو ژمارەکەی یەکەمی لەنیوە کەمتر بوو واتە(٥٠) ئەوا دوو ژمارەکە لادەبەین و ژمارەکەی تر وەك خۆی دەنوسینەوە

ساڵی کۆچی × ٩٧ + ٦٢١٥٦

١٦٣٩٠٩= ٦٢١٥٦ + ٩٧× ١٠٤٩

لێرەدا دەبینین دوو ژمارەی یەکەمی ژمارەکە لەنیوە واتە (٥٠) کەمترە ئەوا لێرەدا دوو ژمارەکە لادەبەین و ژمارەکەی تر وەك خۆی دەنوسینەوە ئەوەش دەبێتە ١٦٣٩ی زاینی.ئەم یاسایە ئاسانە بەڵام کەمێك گۆرانکاری و وردەکاری دەوێت.

## یاسای دووەم : گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی[17]

یاساکە: ساڵی کۆچی×٠,٩٧+٦٢٢

١٧٨٦=٦٢٢+٠,٩٧×١٢٠٠

[17] – بەکار هێنانی ئەم یاسایە بۆ توێژەران و گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی زۆر ئاسانەو زۆریش نزیکە لەڕاستیەوەو دەتوانرێت زۆر بەئاسانی بەکابهێنرێت.

## یاسای سێیەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی

یاساکە:(ساڵی کۆچی×٣÷١٠٠)

١٢٠٠×٣÷١٠٠=٣٦ ئەو ژمارەیەی ماوەتەوە(٣٦)ە دیسانەوە دەری بکە(−)

لەساڵە کۆچیەکە ژمارە(٦٢٢) لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەم بکەرەوە بەم شێوەیە

١٢٠٠−٣٦+٦٢٢=١٧٨٦

## یاسای چوارەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی

یاساکە: (ساڵی کۆچی+٦٢٢−ساڵی کۆچی÷ ٣٣[١٨])

(١٣٠٠ +٦٢٢ ) − (١٣٠٠÷ ٣٣)

١٩٢٢ − ٣٩ = ١٨٨٣زاینی

## یاسای پێنجەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی[١٩]

یاساکە: ساڵی کۆچی+٦٢٢−٤٣ = ساڵی زاینی

١٤٣٨+٦٢٢−٤٣ =

---

[١٨] − هەندێك جار کاتێك ساڵە کۆچیەکە دابەشی (٣٣)دەکەین هەندێك ژمارە دەکەونە دوای فاریزەکەوە پێویستە ئاگاداری ئەوەبیت ئەگەر دوو ژمارەی یەکەمی دوای فاریزەکە لەنیوە واتە (٥٠)زیاتر بوو ئەوا دەیکەین بە(١) و لەگەڵ ژمارەکەدا کۆی دەکەینەوە.ئەگەر لەنیوە کەمتربوو لایدەبەین.

[١٩] − پێویستە ئەوە بزانیت ئەم یاسایە بۆ هەموو ساڵە کۆچیەکان دەست نادات و بەڵکو بەپێی ئەم یاسایە بۆ چەند ساڵێك گۆڕینی ساڵەکە بەتەواوی دەدات بەدەستەوە.

٢٠١٧

## یاسای شەشەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی

**ساڵی کۆچی ×١١ = ژمارەیەك**

**ژمارەکە÷٣٦٥= ژمارەیەك**

لێرەدا ئەگەر دوای دوو ژمارەی کۆتا دوو ژمارەکە لەنیوە زیاتر بوو ئەیکەین بە ١ و کۆی دەکەینەوە لەگەل ژمارەکەدا،بەلآم ئەگەر هاتوو لەنیوە کەمتر بوو لایدەبەین

**ژمارەکە – ساڵی کۆچی= ژمارەیەك**

**ژمارەکە + ٦٢٢= ساڵی زاینی**

نمونە: چۆن ساڵی ١٢١٥ی کۆچی دەکەین بەزاینی؟

**١٣٣٦٥=١١×١٢١٥**

**١٣٣٦٥÷٣٦٥=٣٦,٦١** لەنیوە زیاترە دەیخەینە سەرژمارەکە دەبێتە ٣٧

**١١٧٨=٣٧-١٢١٥**

**١٨٠٠ = ٦٢٢+١١٧٨زاینی**

## یاسای حەوتەم: گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی

یاساکە:ساڵی کۆچی ×٣٢÷٣٣ + ٦٢٢= ساڵی زاینی

**٢٠٠٠,٩٠ = ٦٢٢ + ٣٣÷٣٢ × ١٤٢٢**

دەبێت بە ٢٠٠١زاینی

ژمارەی دوای فاریزەکە لەنیوە زیاترە ئەوا دەیکەین بە(١) و لەگەڵ ساڵکەکە کۆی دەکەینەوە.لەنیوەش کەمتربوو لای دەبەین

## یاسای هەشتەم:گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زایینی

یاساکە: ساڵی کۆچی+٦٢٢ — ساڵی کۆچی ÷ ٣٢

٨٠٠+٦٢٢ — ٨٠٠ ÷ ٣٢

١٤٢٢ — ٢٥ = ١٣٩٧ زاینی

## یاسای نۆیەم:گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی

یاساکە: ساڵی کۆچی × ٠,٩٧٠٢٢٧ + ٦٢١,٥٧٧٤ = زاینی

٦٥٦ × ٠,٩٧٠٢٢٧ + ٦٢١,٥٧٧٤

= ١٢٥٨ زاینی

## یاسای دەیەم:گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زاینی

یاساکە: (٦٢٢ + کۆچی × ٠,٩٦٩

٦٢٢ + ١٢٠٥ × ٠,٩٦٩ = ١٧٨٩,٦٤٥

لێرەدا لەبەر ئەوەی ژمارەی دوای فاریزە گەورەترە لەنیوە دەیکەین بە(١) لەگەڵ ساڵکەکەدا کۆی دەکەینەوە و دەبێت بە

١٧٩٠ زاینی

## ڕۆژژمـــێری ڕۆمانی- گریـگۆری( زایـنـــی )[٢٠]

یەکێکی دیکە لەو ڕۆژژمێرانەی کەتائێستاش بونی هەیە و مانگەکانی لەگەڵ مانگـە ئینگلیزیەکاندا بەکاردێت ئەویش ڕۆژژمێری ڕۆمانیـە.دانـانی ئـەم ڕۆژژمێـرە دراوەتـە پـاڵ کەسـایەتیەکی وەك(ڕۆمیلـۆس[٢١]) کەبەدامەزرێنـەری شـاری ڕۆمـا دادەنرێـت،

---

[٢٠] – ئەم ڕۆژژمێرە لەژمارە (٤٨) گۆڤاری ئایندەسازی بلاَوکراەوەتەوە.

[٢١] – ڕۆمیلیۆس: یەکەم پاشای ڕۆمایە(٧٥٣–٧١٦پ.ز)،لەڕێکەوتی ٢١ی نیسانی ٧٥٣ پێش زاین،هەستا بەدامەزراندنی شاری ڕۆما،بەپێی ئەم ڕاستیە مێژوویە دامەزراندنی ئەم شارە بریتیە لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیتالیا وەك یەکەیەکی سیاسی و دینی.

مێژوونوسان و توێژەران دەڵێن: شاری ڕۆما لە ٢١ی ئەبریلی ٧٥٣ی پێش زاین دروستکراوە.ئەم ڕێکەوتە بویە بنەمای ڕۆژژمێری ڕۆمانی و بنچینەی ساڵی زاینیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ڕۆمانی.بەمەش ڕۆژژمێری ڕۆمانی ٧٥٣ساڵ لەپێش ساڵنامەی زاینیەوەیە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەسەرەتای ساڵ یان مانگی یەکەمی ساڵ لەسەرەتادا لای ڕۆمانەکان دەکەوتە مانگی(مارس)ەوە واتە مانگی مارس یەکەمین مانگی ساڵنامەکە بوو.ساڵی ساڵنامەی ڕۆمانی لەسەرەتادا پێکهاتبوو لە (١٠)دە مانگ و کۆی ڕۆژەکانی هەموویان (٣٠٤) ڕۆژ بووەو دابەشکراوە بەسەر ئەو(١٠)[٢٢] مانگەدا، مانگەکانیش بریتیبوون لە:(مارتینۆس ٣١ ڕۆژ، ئەپریلس ٣٠ ڕۆژ، مایيوس٣١ ڕۆژ، یونیوس٣٠ ڕۆژ، کوینتێلیس (پێنجەم)٣١ ڕۆژ، سیکستیلس(شەشەم)٣٠ ڕۆژ، سێپتەمبەر٣٠ ڕۆژ، ئۆکتۆبەر ٣١ ڕۆژ، نۆڤەمبەر٣٠ ڕۆژ، دیسەمبەر٣٠ ڕۆژ.چوارمانگی سەرەتای ساڵ ناونرابوون بەناوی خوداوەندەکانەوە.ئەوەی شایەنی باسکردن بێت ئەوەیە ئەم ڕۆژژمێرە لەسەر بنەمای زانستی دانەنرابوو لەبەرئەوە چەند جارێك چاکسازی تێدا کرابوو.

***چاکسازیەکانی (نوما)ی فەرمانڕەوای ڕۆمانی:***

---

[٢٢] – لەماڵپەڕی ئەستۆنۆمیدا،ئەحمەد عەباس،لەوتارێك بەناونیشانی (التقاويم في الحضارات البشرية) ناوی مانگ و ڕۆژەکانی بەم شێوەیە هێناوە (مارس٣١، ابريل٣٠، مايو٣٠،يونيو،٣٠، كونليس(كونتيلس)٣١، سكستيلس٣٠، سبتمبر٣٠، اكتوبر٣١، نوفمبر٣٠، ديسمبر٣١)،لەم وتارەدا نوسەر ڕۆژی مانگی مایو بە(٣٠)ڕۆژ داناوە و مانگی دیسمبر بە(٣١) ڕۆژ داناوە،لەم دوومانگەدا ڕۆژەکان جیاوازن لەو دە مانگەی سەرەوە کەناویان هاتووە.

ڕۆژژمێر بەم شێوەیە بەردەوام بوو تالەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەلیکی دووەمی ڕۆما بەناوی نۆما (Numa Pompitius)[٢٣] ئەم چاکسازیانەی تێدا ئەنجامدا.یەکەم: مانگێکی نوێ خرایە پێش مانگی مارس و ناوی لێنرا (یەنایەر).دووەم:مانگێکی زیادکرد لەدوای مانگی دیسەمبەر و ناوی لێنرا(فیبرایەر).سێیەم: کۆی ڕۆژەکان لەمانگێکدا کرا بە(٢٩ یان ٣٠) ڕۆژ بەدوای یەکدا و کۆی ڕۆژەکانی ساڵی ڕۆمانی بویە (٣٥٤) ڕۆژ هاوشێوەی ساڵی مانگی.چوارەم: بۆ ڕێککردنەوەی ساڵی ڕۆمانی بەساڵی خۆری،نوما بڕیاریدا هەموو دوو ساڵ جارێك مانگێك بخرێتە سەر ساڵ و درێژی (٢٢ یان ٢٣) ڕۆژ بێت،یەك بەدوای یەك دابنرێن و هەموو چوار ساڵ جارێك (٤٥) ڕۆژ زیاد بکرێت،کە تێکڕای ئەم زیاد کردنە بۆ هەر ساڵێك دەکاتە(١١) ڕۆژ و چارەکە ڕۆژێك بەمەش تێکرای ڕۆژەکانی ساڵ دەبێتە(٣٦٥) ڕۆژ و چارەکە ڕۆژێك.

چاکسازی کردن لەم ڕۆژژمێرەدا بەردەوام بوو لەساڵی (٤٥٢) پێش زاین جارێکی دیکە چاکسازی تێداکراو مانگی(فیبرایەر) خرایە دوای مانگی(یەنایەر)،بەمەش ئەم چاکسازیە لەلایەن پیاوانی ئاینەوە یاری پێدەکرا لەبەرژەوەندی خۆیان یان لەبەرژەوەندی کەسانی دەست ڕۆشتوو و خاوەن دەسەلآت،

## چاکسازیەکانی یۆلیۆس قەیسەر:

یاریکردن بەڕۆژژمێر لەلایەن قەیسەر و پیاوانی ئاینی بەردەوام بوو تاسەردەمی (یۆلیۆس قەیسەر)[٢٤] و دەرکەوتنی ڕۆژژمێری یۆنانی.بەلآم دوای هەڵمەتی ڕۆمانەکان

---

[٢٣] – نوما(٧١٥–٦٧٣پ.ز)لەنێو سەرچاوەکاندا بە(نوما پومپیلیوس) یان(نوما پومپیتیوس) ناوی هاتووە،کەفەرمانڕەوای دووەمی ڕۆما بووە لەدوای ڕۆمیلیۆس.

[٢٤] – یولیوس قەیسەر: جەنەراڵ و سەرکردەی سیاسی و نوسەری ڕۆمانی لەڕێکەوتی ١٣یولیوی ١٠٠پ.ز لەدایك بووە و لەڕێکەوتی ١٥مارسی ٤٤پ.ز کۆچی دوای کردووە،یولیوس یەکەمین کەس

بـۆ سـەر میسـر و داگیرکردنـی شـاری ئەسـکەندەریە لەلایـەن یۆلیـۆس قەیسـەری ئیمپراتـۆری ڕۆمـانی لەسـاڵی ٤٦پ.ز و سـود وەرگرتنـی ڕۆمانـەکان لـە(ڕۆژژمێـری میسـری کـۆن[٢٥])، یۆلیـۆس قەیسـەر بڕیاریـدا چارەسـەری گیروگرفتـەکانی سـاڵنامە

---

بوو نازناوی(ئیمپراتۆر)ی لەخۆی نا،ماوەی فەرمانڕەوایەتیەکـەی لـە(٢٩ئۆکتۆبـەری ٤٩پ.ز تـا ١٥ مارسی ٤٤پ.ن)بوو

[٢٥] – ساڵنامەی میسری کۆن یەکێك لەڕۆژژمێرە لەمێژینەکان ڕۆژژمێری میسریە کەسەرچاوەکانی مێژووی بیری مرۆڤایەتی وای لەقەڵەم ئەدەن کەیەکەمین و کۆنترین ڕۆژژمێرە کەمێژوونوسان و توێژەران زانیاریان لەبارەیەوە هەبێت وپاشماوەی مابێتەوە، لەسەر بنەمای ئەم ڕۆژژمێرە،ڕۆژمێری یۆنانی دانراوە و پاشانیش ڕۆژژمێری گریگۆری دانراوە کەلەئێستادا زۆربەی ولآتان لەسەری دەڕۆن. میسریە کۆنەکان ئەوەیان بۆدەرکەوتبوو کە کۆی ڕۆژەکانی ساڵ (٣٦٥) ڕۆژە،ئەمەشیان لەئەنجامی تێڕامان و وردبونەوە لەدیاردە سروشتیەکان و بەتایبەت دەرکەوتنی گەشترین ئەستێرەی (سیریوس)ی بەیانیان پێش هەڵهاتنی خۆر بەماوەیەکی کەم، میسریەکان ئەم ئەستێرەیان ناونابوو سبدت(spedt).ئەم ڕووداوەیان بەکار هێناو کردیان بەبناغە بۆڕیکخستی ڕۆژژمێرەکەیان و بۆیان دەرکەوت کەلە هەڵهاتنی ئەم ئەستێرەیەوە تا هەڵهاتنێکی تری ٣٦٥ ڕۆژ دەخایەنێت.میسریەکان کۆنەکان لەسەر ئەم بنەمایەش ساڵیان دابەشکرد بۆ دوازدە مانگ و هەرماگێکیان دەبەشکرد بۆ سی ڕۆژ و پێنج ڕۆژیشیان خستە کۆتای ساڵ، دواتریش لەم وردونەوەیاندا ساڵیان دابەشکرد بۆ سێ وەرز و هەر وەرزەیان دابەشکرد بۆ چوارمانگ و هەر وەرزەیان بەجیا ناونابوو وەك وەرزی یەکەم ناونرابوو(وەرزی لافاو) یەکەم ڕۆژی ساڵ بوو کەناوی بەزمانی میسری کۆن (ئیخت)ە. وەرزی دووەمیان ناونابوو (بریت)بەواتای دەرچون و گەشەکردنی ڕووەك بوو لەزەوی دوای لافاو.وەرزی سێیەمیشان ناونابوو(شمو) بەواتای وشکەساڵی یان کەمی ئاو دەهات.میسریەکان یەکەمین ڕۆژی ساڵی یەکەم لەساڵنامەکەیاندا بەسێ دیاردەی سروشتی لێك جیادەکردەوە،یەکەم:فێنکبونی هەوا لەسەرتای پایز. دووەم:گەیشتنی ئاستی لافاو بەبەرزترین ئاست. سێیەم: هەڵهاتنی ئەستێری(سیروس)لەبەرەبەیاندا.ئەم ساڵە کەماوەکەی ٣٦٥ ڕۆژ بوو بەبێ حسابکردنی چارەکە ڕۆژەکەی ساڵ کە لە ساڵی (خۆریدا) حساب دەکرێت، بەم هۆیەوە وەرزەکان لەشوێنی خۆیان گۆڕان و وەرزی کەم ئاوی کەوتە وەرزی لافاو،ئەم هەڵەیە خۆی ڕاستکردەوە لەپاش تێپەربونی (١٤٦٠) ساڵ لەساڵنامەی خۆری. سەرەڕای ئەوانەش واشرۆڤە کرابوو کەمیسریە کۆنەکان یەکەمین و کۆنترین نەتەوەبوون ڕۆژیان دابەشکردبێت بۆ بیست و چوار کاتژمێر و لەسەر ئەم بنەمایەش دوازدە کاتژمێر بۆ ڕۆژ و دوازدە کاتژمێرکەی دیکەش بۆ شەو دیاریکرابوو.لەسەردەمانی دواتردا میسریەکان ناوی مانگەکانیان بۆ ساڵ

کۆنەکەیان بکات بۆ ئەو مەبەستەش گەردوون ناسێکی میسری بەناوی (سوجین)ڕاسپار بۆ چاکسازی و لابردنی کەموکورتی ساڵنامە و ئەویش چەند چاکسازیەکی لەڕۆژژمێرەکەدا ئەنجامدا وەك: یەکەم: کارکرنی بەساڵی مانگی لادا و ساڵی هەتاوی کردە بناغە بۆ دانانی ساڵنامە کەکۆی ڕۆژەکانی ٣٦٥ ڕۆژ و چارەکە ڕۆژێك بوو(ئەم بۆچونەی زۆر نزیك بوو لەڕاستی و تەنیا(١١) دەقیقە و (٤٦) چرکەی لەساڵی هەتاوی جیاوازە) .دووەم: سەری ساڵ کەبەپێی ساڵنامە کۆنەکە لەبەهاردا( ١ی مارت) دەستی پێ ئەکرد کردی بە ١ی کانونی دووەم کەبەرامبەرە لەگەڵ ١ی یەنایەری ساڵی ٤٥ پ.ز .سێیەم: جگەلەوەش ساڵی کرد بە١٢ مانگ و شەش مانگی تاکی ٣١ ڕۆژی و پێنج مانگی جوتی ٣٠ ڕۆژی و مانگی(فیبرایەر)ی کردە ٢٩ ڕۆژ و هەرچوار ساڵ جاری بکرێت بە٣٠ ڕۆژ.بەمەش ساڵی ساڵنامەکە و ساڵی هەتاوی زۆر لێك نزیك بوونەوە و بەڵام لەسەدا سەد جووت نەبوون ئەم ساڵنامەیەش ناونرا(یولیانی)یان(جولیان).

مانگەکانی ساڵیش بەم شێوەیان لێهات:(ینایر٣١رۆژ، فێبرایەر٢٩ یا ٣٠ڕۆژ،مارس ٣١ڕۆژ، ئاپریل ٣٠ ڕۆژ، مایو ٣١ ڕۆژ، یونیو٣٠ رۆژ،کونتیلس٣١ڕۆژ، سکستیلس ٣٠ڕۆژ، سێپتەمبەر٣١ڕۆژ، ئۆکتۆبەر٣٠ ڕۆژ، نۆڤەمبەر٣١ڕۆژ،دیسەمبەر٣٠ڕۆژ).بەم جۆرەش ئەم ڕۆژژمێرە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە

ئەوەی ئاشکرایە سوجین ئەم ڕۆژژمێرەی دانەهێناوە بەڵکو لەڕۆژژمێری چاککراوی میسریەوە وەرگیراوە کەلەساڵی (٣٢٨ پ.ز) کاری پێکراوە. ڕۆمانەکان

---

بەکارهێنابوو وەك ئەوەی لەنێو ماڵپەڕەکانداهاتوە بەم شێوەیە(طوبة،أمشير،برمهات، برمودة،بشنس،بؤونة،أبيب،مسري،نسيئ، توت،بابة،هاتور).بەڵام لەسەردەمی ئیستادا میسریەکان وەك زۆر بەی وڵاتانی دیکە ڕۆژژمێری ڕۆمانی بەکاردەبەن بۆ ڕێکخستنی ئیش و کارەکانی دەوڵەت وەك مانگەکانی ساڵی ڕۆمانی کەبریتین لە(ینایر،فێبرایەر،مارت (مارس)،ئەبریل، مایو، یۆنیۆ، یۆلیۆ، ئۆگست(أغسطس)، سێبتەمبر، ئۆکتۆبەر،نۆڤەمبەر،دیسەمبەر) لەڕۆژژمێری ئێستایاندا ئەم مانگانە بەکار دەهێنن.

لــەدواتردواو لەســاڵی (٤٤پ.ز) نــاوی دوو مانگیــان گــۆڕی و مــانگی حەوتــەمیان (کونتیلس) کردبە(یۆلیۆس) بۆ بەرز و زیندو هێشتنەوەی یۆلیـۆس قەیسـەر، مـانگی هەشتەمیان(سکستیلس) کردە ئۆگست بۆ بـەرز و زیندوهیشـتنەوەی نـاوی قەیسـەر ئۆگست، لەگەڵ ئەوەشدا (خەڵکی ڕۆما[٢٦]) خۆشیان بەژمارەی جوت نەدەهات لەبـەر ئەوە مانگی ئۆگستیان کردە٣١ ڕۆژ و ڕۆژێکیان لەمانگی فێبرایەرکردەوە بوو بە(٢٨ یان ٢٩).بەڵام لەپاش ئەم ئیمپراتۆرە ڕۆژەکانیان ڕێکخستەوە بۆ ئـەوەی کەتوشـی گرفــت نەبن،بـــەم جـــۆرە ڕۆژەکـــان پێچـــەوانەبوونەوەو بـــۆ ئـــەوەی ســـێ مانگی(یۆلیۆ.ئۆگسـت.سـێپتمبەر) بـەدوای یەکـدا بەهـەمان مـانگی ٣١ ڕۆژی نەیـەن یاساکەیان پێچـەوانەکردەوە، بەمـەش سـێپتەمبەریان کـردە ٣٠ ڕۆژ و ئۆکتۆبـەریان کـردە ٣١ ڕۆژ و نۆڤەمبـەریان کـردە ٣٠ ڕۆژ و دیسـەمبەریان کـردە ٣١ ڕۆژ. ئـەوەی شایەنی باس بێت تائێستاش سیسـتەم و نـاوی مانگـەکانی سـاڵنامەی یۆلیـانی وەك خۆی ماوەتەوە بەمشێویەی لێهات:(یەنایەر٣١ ڕۆژ، فێبرایەر٢٨ یـان ٢٩ ڕۆژ، مـارس ٣١ڕۆژ، ئـەبریل٣٠ڕۆژ، مــایو٣١ڕۆژ، یونیــو٣٠ڕۆژ، یولیــو٣١ڕۆژ، ئۆگســت ٣١ ڕۆژ، سـێپتەمبەر٣٠ڕۆژ،ئۆکتۆبــەر٣١ڕۆژ، نۆڤەمبــەر٣٠ڕۆژ، دیســەمبەر ٣١ڕۆژ)بەمــەش تێکڕای ڕۆژەکـانی سـاڵ لەسـاڵی ئاسـایدا ٣٦٥ ڕۆژەو لەسـاڵی کەبیسـە(پـڕدا)٣٦٦ ڕۆژە.

---

[٢٦] – بەپێی سەرچاوەکان دوای یۆلیۆس قەیسەر کورەکەی بەناوی ئوغستس هاتە سەرتەخت و ئەویش بەهەمان شێوەی باوکی ناوی مانگێکی ساڵی کرد بەناوی خۆیەوەو مانگی هەشتی ڕۆژژمێری کرد بەناوی خۆی و جگە لەوەش ڕازی نەبوو ژمارەی ڕۆژەکانی مانگەکەشی ٣٠ ڕۆژ بێت و لەبەر ئەوە ڕۆژی مانگەکەی کرد بە٣١ ڕۆژ و بەمەش زنجیرەی بەدوایەکداهاتنی مانگەکان بە ٣١ و ٣٠ ڕۆژ تێکچوو،چونکە مانگی هەشت دەبوو ٣٠ ڕۆژ بێت بەڵام بەهۆی خۆبەزلزانینی قەیسەرئۆغستس مانگی هەشت کرا بە ٣١ ڕۆژ و مانگی نۆ کرا بە٣٠ ڕۆژ،وەك لەدواتر ڕوون دەبێتەوە.

پێویستە لێرەدا ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە سوجێن لەدەست نیشانکردنی ساڵی هەتاوی زۆر ورد نەبوو، لێکۆڵینەوەکانی دواتر دەریان خست کەساڵی هەتاوی (٣٦٥)ڕۆژ و (٥) سەعات و (٤٨)دەقیقە و (٤٦)چرکەیە نەك (٣٦٥)ڕۆژ و چارەکە ڕۆژێك کەئەکاتە (٦) سەعات واتە ساڵنامەکە(١١)دەقیقە و (١٤)چرکەی لەساڵی هەتاوی درێژتربوو، بەمەش دوای تێپەربوونی (١٢٨) ساڵ ئەبێتە یەك ڕۆژ ئەمەش کێشەو گێروگرفتێك بوو.

## *گۆڕینی ڕۆژژمێری ڕۆمانی بۆ ڕۆژژمێری گریگۆری(زاینی[٢٧]):*

[٢٧] – سەبارەت بە وشەی (زاینی یان زاین) بەڕێز د.زریان حاجی لەوتارێکیدا دەنوسێت لەهەندێك کەناڵ و ڕاگەیاندنەکانی خۆمان وا لێکی دەدەنەوە کە سەرەتای ساڵی زاینی سەرەتای لەدایك بوونی عیسا پێغەمبەرە(س.خ)بەمەش ڕۆژژمێری زاینی دەبەستنەوە بەلەدایك بوونی حەزەتی عیسا و لەزمانەکانی عەرەبی کراوە بەمیلادی و لەکوردیشدا بەهەڵە وەرگێڕدراوەتە سەرزمانی کوردی و کراوە بەزاینی،دەنوسێت سەرەڕای تێبینیم لەسەر وشەی زاین کە ئەم زاراوەیە بەپێی ناوچەکان و لەشێوەزارەکان دەگۆڕێت و (زاین)کەمتر بۆ مرۆڤ بەکاردێت لەئەدەبیاتی کوردی،کەچی ئەمە بوەتە نازناوی پێغەمبەرێکی خودا،سەرەڕای ئەوەش ئاماژە بەوە دەکات سەری ساڵی خۆری(زاینی) بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەمەسیح و ئاینی مەسیحیەوە نیە،بەڵکو زۆر لەپێش هاتنی مەسیح ئەم ساڵ و ڕۆژژمێرە کاری پێکراوەو تەنانەت مانگەکانیش پەیوەندی بەئاینی مەسیحیەوە نیەو بەڵکو زۆرینەی ناوی خوداوەندەکانی ڕۆمانین،دواجار دەڵێت: پێم وایە ناوی ڕاستی ئەم ڕۆژژمێرە چەند ناوێکی هەیە وەك(ڕۆژژمێری ڕۆمانی،یۆلیانی، گریگۆری، مەسیحی)،ئاماژە بەوەدەکات کەپێی باشە لەبری ناوی زاینی یەکێك لەو ناوانە بەکار بهێنرێت بۆ ئەم ڕۆژژمێرە.هەروەها ماکوان کەریم هەمان ڕای هەیەو دەنوسێت،لەهەمووی ناهەمواتر ئەوەیە وشەی زاین لەزمانی کوردیدا بەکار هاتووە لەجیاتی میلادی،واتە مەبەستی پیٚ(زاوە).دەنوسێت سەری ساڵی زاینیش لەساڵەکانی (٥٠٠)زاینیدا هاتوەتە ئاراوە و هیچ پەیوەندیەکی بەلەدایك بونی عیساوە نیە.

دوابەدوای ئەوەی ڕۆژژمێرەکە چەندین جار چاکسازی تێدا کراو هەوڵدرا کەم و کورتیەکان چارەسەر بکەن بەلاّم هێشتا هەندێك کەم و کورتی گیروگرفتی تێدامابوو تا ئەوکاتەی کە لەساڵی ١٥٨٢ زاینی پاپاگریگۆری سیازدەیەم ئەم گیروگرفتەی چارەسەرکرد، تێبینی ئەوەی کرد کە(الاعتدال الربيعي– مامناوەندێتی بەهاری یان وەرگەرانی بەهارە)لەو ساڵەدا کەوتوەتە ١١ی مارسەوە، واتە هەڵەیەك هەیە ماوەکەی نزیکەی(١٠) ڕۆژە،ئەم جیاوازیە لەماوەی نێوان سالاّنی ٣٢٥ تا ١٥٨٢ ڕوویداوە.ئەم هەڵەیە هەموو ١٢٨ ساڵ جارێك ڕۆژێك جیاوازی دەکات یان زۆرتر دەبێت لەساڵێکدا،بۆیە پاپاگریگۆر ویستی چاکسازیەکی تێدا بکات و ئەم هەڵەیە ڕاست بکاتەوە،بۆ ئەم مەبەستەش کەسایەتیەکی وەك(کریستۆفەرکلافیوس)ی ڕاسپراد،ئەویش ئەم دوو چاکسازیەی کرد. یەکەم: ئەوەی دۆزیەوە کەجیاوازی ساڵی یۆنانی و ساڵی خۆری نزیکەی (٣) ڕۆژە بۆ هەموو (٤٠٠) ساڵێك بۆیە کریستۆفەر بڕیاریدا (٣) ڕۆژ لە هەر (٤٠٠) ساڵێك کەم بکاتەوە. دووەم: بۆ ڕاستکردنەوەی (الاعتدال الربيعى) بڕیاریدا ڕۆژی ٢١ مارس بکاتە ڕۆژی (اعتدال الربيعى) لەبری ١١ی مارس،جگەلەوەش بڕیاریدا (١٠) ڕۆژ لەساڵی ١٥٨٢ بکاتەوە و ڕۆژی ٥ی ئۆکتۆبەری ١٥٨٢ی کردە ڕۆژی هەینی بەپێی ڕۆژژمێری یۆنانی کەبەرامبەر دەبێت لەگەڵ ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٥٨٢ی ساڵنامەی گریگۆری بەمەش ساڵی ساڵنامەکە و ساڵی هەتاوی جووت بونەوە.پاپاگریگۆر بۆی دەرکەوت کەدوای چەند سەدەیەك ئەم گیروگرفتە دیسان سەرهەڵدەداتەوە، بۆ ئەوەی ئەمە دووبارە نەبێتەوە داوای کرد هەر چوار ساڵ جارێك ساڵێك بکرێتە

کەبیسە(پڕ)بەمشێوەیە دوای ئەم دەستکاریکردن و چاکسازیە ساڵنامەکە ناونرا( ساڵنامەی گریگۆری).

بەمشێوەیە لەساڵی ١٥٨٢دا گریگۆری سیازدەیەم لەڤاتیکانەوە بەڕەسمی بەجیهانی ناساند و لەم ڕێکەوتەوە ڕۆژژمێری گریگۆری کاری پێکراو بەڕۆژژمێری گریگۆری یان زاینی ناسرا، دەستپێکی ئەم ساڵنامەیە هەفتەی لەدایکبوونی پەیامبەر(عیسامەسیح)[٢٨]ە، ڕۆژژمێرەکەش بە"ڕۆژژمێری زاینی"ناسراوە،ڕۆژی ١ی کانونی دووەم واتە ١/١/١ وەك سەرەتای ساڵ لەساڵی زاینی دیاریکرد،٣١ی دیسامبر کاتژمێر ١٢ی شەو (٢٤,٠٠)، ساتی گۆڕینەوەی ساڵی زاینییە بۆ ساڵی نویٚ.

لە ڕۆژژمێری گریگۆریدا پەیوەندی لەنێوان ساڵ و وەرزەکاندا نییە. بە شێوەیەکی بڕیاردراو، ژمارەی ڕۆژەکان لە حەوت مانگی ساڵدا ٣١ ڕۆژە، لە چوار مانگدا ٣٠ ڕۆژ و مانگێکیش لە ساڵدا بە شێوەیەکی ناڕێك ٢٨ یان ٢٩ ڕۆژە،هەر چوار ساڵ جارێك (ساڵێکی پڕ) ە،کۆی ڕۆژەکانی ساڵ لەساڵنامەی

---

[٢٨] – وەك ڕوونکراوەتەوە ساڵی زاینی پەیوەندی بە لەدایك بونی عیساوە نیە،چونکە بنەڕەتی ڕۆژژمێرەکەساڵی ٧٥٣ پ.ز دانراوە،بەڵام لەدواتردا قەشەیەکی ئاینی مەسیحی بەناوی (دیونیسیۆس ئەکسیجونوس) پێشنیار دەکات کە پێویستە لەدایك بوونی حەزرەتی عیسا بکرێتە سەرەتای ڕۆژژمێرەکە نەك دروستکردنی شاری ڕۆما،بەمەش بیرۆکەی قەشەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوەو سەرەکەوتووبوو لەبانگەشەکەی لەساڵی ٥٣٢زاینی ئەم ڕۆژژمێرە وەك سەرەتای لەدایك بوونی مەسیح تۆمارکراو،بەڵام جیاوازی یادکردنەوەی سەری ساڵی زاینی لەناو مەسیحیەکانیش لەچەند کاتێکی جیاواز بەڵگەی ڕاستی قسەکانە چونکە دەبوایە تەواوی مەسیحیەکانی دونیا لەیەك ڕۆژدا ئاهەنگیان بگێرایە نەك لەچەند ڕۆژێکی جیاوازدا.

زاینیـدا لـەباری ئاسـایدا ٣٦٥ ڕۆژ و٥ کاتـژمێر و ٤٨ دەقیقـە و٤٦ چـرکەیە و هەموو چوار ساڵێك ساڵێکی پڕ هەیە کە ٣٦٦ ڕۆژە.

وەك ئاشکرایە ماوەی ساڵی زاینی ٣٦٥ڕۆژە و ماوەی ساڵی کۆچی ٣٥٤ڕۆژە واتە(٣٦٥–٣٥٤=١١)کەواتە ساڵی کۆچی (١١)ڕۆژی لەساڵی زاینی کەمترە،ئەم جیاوازیە دوای تێپەربوونی ٣٣ساڵ نزیکەی یەك ساڵ دەبێتەوە واتە(٣٣×١١=٣٦٣).

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە ناوی مانگەکانی ساڵنامەی گریگۆری یان زاینی(میلادی) لەهەندێك لەوڵاتە عەرەبیەکاندا وەك میسر لەناوە ڕۆمانیەکەیەوە وەرگیراون و لەهەندێك وڵاتی دیکەی وەك مەغریب لەفەرەنسیەوە وەرگیراون، بەڵام لەوڵاتانی وەك عێراق و سوریا و لوبنان و ئوردن لەناوە سریانیەکەیەوە وەرگیراون.ناوە سریانیەکانیش لەزمانی ئارامیەوە هاتوەتە نێو عەرەب.دەوڵەتی عوسمانی (ڕۆژژمێری ڕۆمی) بەکارهێناوەو لەڕۆژژمێری ڕۆمیدا ناوی نۆ مانگ لەناوە سریانیەکەیەوە وەرگیراون و جگەلەوەش کۆماری تورکیا لەساڵی ١٩٤٦ەوە ڕۆژژمێری گریگۆری بەکار دەبات کە پێنج مانگیان لەناوە سریانیەکەیەوە وەرگیراون.

بـەم شـێوەیە لەئێسـتادا ڕۆژژمێـری گریگـۆری کەبەسـاڵنامەی (یولیـانی یـان زاینـی) دەناسـرێت و لەزۆربـەی وڵاتـانی ئاسـیاو ئـەوروپاو ئـەمریکاو ئـەفریقاو بەشـێك لەوڵاتـە عەرەبیـەکان و هەنـدێك ناوچـەی دیکـە و هـەرێمی کوردسـتان بــەکاردێت و کــاری پێــدەکرێت بەتایبــەت لەکارەتایبــەت و فەرمیــەکان وهەڵسـوڕاندنی کاروبـاری نـاوخۆ و ڕێکەوتنـە نێودەوڵەتیـەکان و پەیوەندیـە دەرەکیــەکان و هاوکــاتیش وەك ســاڵنامە لــەدام و دەزگاکــان بــەکاردێت و

کاروبارەکـانی لەسـەر بـەڕێوە دەبـەن ئـەویش (سـاڵنامەی یۆلیـانی یـان میلادی)ە،کەلەئێستادا بـە(ڕۆژژمێـری گریگـۆری یـان زاینـی) بەناوبانگـە، ئـەم ڕۆژژمێـرە لەنـەژاددا لەڕۆمانەکانـەوە وەرگـیراوە. لەسـەرەتاو لەهـەمان کاتـدا چـەندوڵاتێکی وەك(فەرەنسـا و ئیسـپانیا و پرتوگـال) کاریـان بـەم ڕۆژژمێـرە دەکـرد بـەڵام هەنـدێك لـەوڵاتانی دیکـە لەسـەرەتاوە کاریـان بـەم ڕۆژژمێـرە نەدەکرد تاکاتێکی دوورتر لەوانە، بەریتانیا لەساڵی ١٧٥٢ەوە کاری پێدەکات و یابان لەساڵی ١٨٧٢ و میسر لەساڵی ١٨٧٥ و ڕوسیا لەساڵی ١٩١٢ و یۆنـان لەساڵی ١٩١٧ و ڕۆمانیا لەساڵی ١٩٢٣ کاریان بە ڕۆژژمێری گریگۆری دەکرد.

لەم ڕۆژژمێرەدا ساڵ دابەشکراوە بۆ دوازدە مانگ و مانگ بۆ چوار هەفتە و هەر یەك لەمانگەکان واتای دیاریکراوی خۆیان هەیە وەك لەخوارەوە ناوی مانگەکان هاتووە.

### ژمارە و مانگ و ڕۆژەکانی ساڵی زاینی

(ڕۆمانی،سریانی ،عەرەبی،ئینگلیزی)

| ژ.مانگ | ناوی<br>ڕۆمانی– زاینی | بەئینگلیزی | ناوی<br>سریانی–عەرەبی | ڕۆژی مانگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | **ینایر** | ***January*** | کانونی دووەم | ٣١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | فبراير | February | شوبات | ٢٨ یان ٢٩ |
| ٣ | مارس | March | ئازار | ٣١ |
| ٤ | ابريل | April | نیسان | ٣٠ |
| ٥ | مايو | May | ئایار | ٣١ |
| ٦ | يونيو | June | حوزەیران | ٣٠ |
| ٧ | يوليو | July | تەموز | ٣١ |
| ٨ | اغسطس | August | ئاب | ٣١ |
| ٩ | سبتمبر | September | ئەیلول | ٣٠ |
| ١٠ | اكتوبر | October | تشرینی یەکەم | ٣١ |
| ١١ | نوفمبر | November | تشرینی دووەم | ٣٠ |
| ١٢ | ديسمبر | December | کانونی یەکەم | ٣١ |

## واتای ناوی مانگە ڕۆمانیەکان( گریگۆری )

١. یەنایەر(جەنیوەری): ناوی خودایەکی کۆنی ڕۆمانیەکانە بەناوی (یانوس) کەخوداوەندی شەڕو ئاشتی و دەرگاکانی ئاسمانە چونکە لای ئەوان نوێنەرایەتی دەروازەکانی ئاسمان دەکات لەکاتی شەڕدا

دەرگاکانی دەکرایەوەو لەڕۆژانی ئاشتیدا دەرگاکانی دادەخران، هەروەها وتراویشە خودای سەرەتاو کۆتاییەکانە.

٢. فەبریوەری(فێبرایەر): لەزمانی لاتینیدا بەواتای پاککرنەوە دێت، ئەم مانگە کاتێکی تایبەتە بەسڕینەوەی گوناهەکان و لەڕۆژی پازدەهەمدا جەژنێکیان هەبوو کەتێیدا ڕۆحی خۆیان لەگوناح و تاوان پاکدەکردەوە.

٣. مارس(مارت): بەواتای خوداوەندی شەڕ دەهات لای ڕۆمانەکان، چونکە لای ڕۆمانەکان پارێزەرو سەرخەرو پشتیوانیانە،ئەم مانگە لەسەرەتادا مانگی یەك بوو لای ڕۆمانەکان و دوای چاکسازیەکان شوێنی گۆڕا.

٤. ئەپریل: بەواتای کرانەوەو بەهار و گوڵکردن دێت،کرانەوەی دەروازی ئاسمان بۆ گەیاندنی تیشکی خۆر بەزەوی،کەدوای ئەوەی لەوەرزی زستان ون دەبێت و لەهاوین خۆی دەردەخات.

٥. مایو(مەی): بەواتای مانگی خوای مایا ئەم خودایە بەمانای خودای پیت و بەرەکەت و زۆر بوون دێت و خودایەکی مێینەیە،ڕۆمانەکان لەسەرەتای ئەم مانگەدا قوربانیان بۆ مایا کردووە.

٦. یونیو(جون): بەواتای خودای مانگ و خێرایی ئەستێرەی موشتەری لەئەفسانەی ڕۆنانیدا هاتووە،هەندێکیش دەڵێن بەواتای گەنج دێ،گەلێکیش جوان بووە.

٧. یۆلیۆ(جولای): ئەم مانگە بەناوی قەیسەر یۆلیۆس ناونراوە،بۆ بەرز ڕاگرتن و نەمری ناوی نرا (یۆلیۆس).

٨. ئۆگست(أغسطس): ئەم مانگە بەناوی ئیمپراتۆری ڕۆمانی یۆلیۆس ئۆگست ناونراوە.سەرەتا ناوی مانگەکەش ناوی(سکستیلس)بوو بەواتای مانگی (٦)دێ.دواتر گۆڕا بۆناوی ئیمپراتۆر ئۆگست.

٩. سێپتەمبەر: بەواتای ژمارە(٧) دێت لەڕۆژژمێری ڕۆمانی.

١٠. ئۆکتۆبەر: بەواتای ژمارە(٨)دێت لەڕۆژژمێری ڕۆمانی.

١١. نۆڤەمبەر: بەواتای ژمارە(٩)دێت لەڕۆژژمێری ڕۆمانی.

١٢. دیسەمبەر: بەواتای ژمارە(١٠)دێت لەڕۆژژمێری ڕۆمانی. ئەم مانگانە کەبەواتای ژمارەدێن،واتاکانی حۆیان پاراست و هیچ گۆڕانکاریەکیان بەسەردا نەهات و وەك خۆیان مانەوە.

# بەشی شەشەم :گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی[٢٩]

## یاسای یەکەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی

یاساکە: (ساڵی زاینی–٦٢٢) ×٣٣÷٣٢=ساڵی کۆچی

=٣٢÷٣٣× (٦٢٢–٢٠٠٠)

٣٢÷٣٣ × ١٣٧٨

[٢٩] – لەگۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی چەند یاسایەك ئامادەکراون بەکارهێنەر دەتوانێت بەئارەزووی خۆی ئەو یاسایە بەکاربهێنێت کەبەلایەوە ئاسان و پەسەندە.

١٤٢١کۆچی

## یاسای دووەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی

یاساکە: (ساڵی زاینی – ٦٢٢)÷٠/٩٧)

(٢٠١٦ –٦٢٢) ÷٠/٩٧

١٣٩٤ ÷ ٩٧/.

١٤٣٧کۆچی

## *یاسای سێیەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی*[30]

*یاساکە: زاینی–٦٢٢ + زاینی–٦٢٢÷٣٣*

*(١٨٣٤ – ٦٢٢ ) +( ١٨٣٤ – ٦٢٢) ÷ ٣٣*

١٢١٢ + (١٢١٢÷٣٣)

١٢١٢ + ٣٦,٧٢

لەبەر ئەوەی ژمارەی دوای فاریزەکە لەنیوە گەورەترە دەیکەین بە(١) و لەگەڵ ژمارەکەدا کۆی دەکەینەوە و دەبێت بە(٣٧)

١٢١٢ + ٣٧ =

١٢٤٩کۆچی

## یاسای چوارەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی

[30] – پێویستە لێرەدا ئاگاداری ئەوە بیت زۆر جار ئەم یاسایە ساڵێکی کەمتر لەساڵی مەبەست و داواکراو دەدات بەدەستەوە بەڕای من پێم باشە ئەو ساڵەی لەیاساکەدا دەردەچێت لەگەڵ ژمارە(١) کۆی بکەیتەوە ساڵی مەبەست دەدات بەدەستەوە(١٢١٢+١)

یاساکە:ساڵی زاینی− ٦٢٢ +٤٣ =ساڵی کۆچی

٤٣+٦٢٢−٢٠١٢

= ١٤٣٣

**یاسای پێنجەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی**

**یاساکە: ساڵی زاینی − ٦٢٢ ×١,٠٣١**

**١,٠٣١ × ٦٢٢ − ٢٠١٧**

**١,٠٣١ × ١٣٩٥**

**= ١٤٣٨کۆچی**

**یاسای شەشەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی**

یاساکە: (زاینی−٦٢٢) ÷٣٢ + زاینی − ٦٢٢

(٦٢٢−٢٠٠٢) ÷ ٣٢ +٢٠٠٢ − ٦٢٢

٣٢÷١٣٨٠ +٢٠٠٢ −٦٢٢

٤٣,١٢٥ +٢٠٠٢ − ٦٢٢

٢٠٤٥,١٢٥ − ٦٢٢

١٤٢٣کۆچی

## یاسای حەوتەم: گۆڕینی ساڵی زاینی بۆ کۆچی[31]

یاساکە: ساڵی زاینی — ٦٢٢ + ٤٢٢ = ساڵی کۆچی

١٩٧٠ — ٦٢٢ + ٤٢ = ١٣٩٠ی کوچی

## ڕۆژژمـــێری کـۆچـی هەتـــاوی (هیجری شەمسی)

لەمێژووی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراندا چەندین شێوازی جیاوازی ڕۆژژمێر بەکار هێنراون و کاریان پێکراوە،تەنانەت لەزۆر کاتدا کەشایەك لەئێراندا دەهاتە سەر تەختی دەسەڵات سەردەمی خۆی وەك ڕۆژژمێر بەکاردەهێنا و سەردەمی پاشاکانی پێش خۆی دەسڕیەوە، لەدواتریشدا ڕۆژژمێرەکانی یەزگوردی و جەلالی و کۆچی کاری پێدەکرا تادواجار گەشتنە

[31] – پێویستە ئاگادرای ئەوە بیت ئەم یاسایە بۆ گۆڕینی هەموو ساڵێکی زاینی بۆکۆچی نابێت،بەڵکو بۆ هەندێك ساڵی زاینی دەبێت بەتایبەت لەدوای ساڵی ١٩٤٤ تاساڵی ٢٠١٤، جگەلەوەش هەندێك جار یان ساڵێك کەم دەکات یان ساڵێك زیاد دەکات،ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەموو ٣٢ ساڵێکی زاینی یەکسانە بە٣٣ ساڵی کۆچی،لێردا دەکرێت لەم یاسایانەدا کامیان ئاسانتر مەبەست دەدات بەدەستەوە ئەوەبەکاربهێنیت.

ئامادەکردنی ئەو ڕۆژژمێرەی ئێستا لەسەرانسەری ئێراندا وەك ڕۆژژمێری فەرمی بەکاری دەهێنن کەبە(ڕۆژژمێری کۆچی هەتاوی یان ڕۆژژمێری جەلالی) دەناسرێت.

ڕۆژژمێری کۆچی هەتاوی کەبەفارسی بەڕۆژژمێری (هیجری خورشیدی یان هیجری شەمسی یان جەلالی) دەناسرێت، ڕۆژژمێرێکی هەتاوییە و بەستراوە بەخولی هەتاو(خۆر)[٣٢]ەوە، لەساڵی ئاسایدا لە ٣٦٥ ڕۆژ پێك دێت و لەساڵی پڕدا لە ٣٦٦ڕۆژ پێك دێت و دابەش دەبێت بۆ ١٢ مانگ و یەکەم ڕۆژی ڕۆژژمێری کۆچی هەتاوی ١ی فروەردینە بەرامبەرە بە(٣/٢١)ی وەرزی بەهار.

ئێرانیەکان ڕۆژژمێرێکیان داهێناوە ئەگەر چی خۆیان بە(کۆچی) هیجری دادەنێن بەلاّم نەلەمیلادی باو دەچێت نەلە(کۆچی)هیجری باو، ڕۆژژمێری زاینی بەگوێرەی خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دانراوە،ڕۆژژمێری کۆچی بەگوێرەی خولانەوەی مانگ بەدەوری زەوی دانراوە. ڕۆژژمێری میلادی لەدایك بوونی مەسیح و ڕۆژژمێری هیجری کۆچی پەیامبەری ئیسلام محەمەد(ص)ی لەمەکەوە بۆ مەدینە کردووە بەسەرەتای دەست پێکردنی ڕۆژمێری کۆچی.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کەئێرانیەکان هەردوو ڕووداوەکەیان تێکەڵ کردووە،خولانەوەی زەویان بەدەوری خۆردا کردووە بەبنچینەی ڕۆژژمێرەکەیان، بەلاّم بۆ ڕۆژژمێرەکەیان لەبری ساڵی لەدایك بونی مەسیح ساڵی کۆچی محەمەدیان کردووە بەسەرەتای دەستپێکردن و لەبری ڕۆژی

---

[٣٢] – ئەم ڕۆژژمێرە هەتاویە پەیوەندی بەخولی خۆرەوە هەیە موسوڵمانان بەکاری دەهێنن بۆ دیاریکردنی کاتە شەرعیەکان کەپەیوەندیان بەهەتاو و ڕۆژە هەتاویەکانەوە هەیە، لەئێستاد دوو دەوڵەت بەکاری دەهێنن ئەوانیش کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەفغانستانن.

کۆچی محەمەد(ص)ڕۆژی نەورۆزیان کردوە بەسەرەتای نوێبونەوەی ساڵ، لەبەر ئەوە بەڕۆژژمێرەکەیان دەڵێن (هیجری شەمسی) یان (هیجری خورشیدی).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ساڵەی کە لە ئێراندا پەیڕەویی لێدەکرێت پێی دەوترێت ساڵی کۆچی هەتاوی (خورشیدی، شەمسی). هەروەها کوردانی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش کە کەوتوونەتە چوارچێوەی ئەو ولاتەوە، بەگوێرەی ئەو ساڵە هەڵسوکەوت دەکەن و بەکاری دێنن لەکاروباری ڕۆژانەیاندا.ئێرانییەکان لەپێش هاتنی ئیسلام پەیڕەوی (ڕۆژژمێری یەزگوردی)یان دەکرد و ساڵی هەتاوییان بەکار نەدەهێنا.کاتێ کە سوپای موسوڵمانەکان هێرشیان کردە سەر سنورەکانی دەوڵەتی ساسانی و تەواوی ناوچەکەیان کۆنترۆڵکرد، ئیتر لێرە بەدواوە گەلانی ئێران کەوتنە نێو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئیسلام و لەماوەی فەرمانڕەوایەتی موسوڵمانان لەئێران ساڵ و مانگی ئێرانی فەرامۆش کران وگەلانی ئێرانیان ناچارکرد کە بەگوێرەی "ڕۆژژمێری ئیسلامی" واتە ساڵنامەی کۆچی باج و پیتاك و سەرانەیان بدەنێ.بەم شێوەیە ڕۆژژمێری کۆچی لەئێراندا برەوی سەند و لەبری ساڵنامە و مانگە ئێرانیەکان ،ساڵ و مانگی کۆچی هاتەکایەوە، ئیدی لێرەوە وردە وردە ڕۆژژمێری یەزگوردی لە گەشەکردن و بەکارهێنان کەوت و ڕۆژژمێری کۆچی بەکاردەهێنرا. بەلام لەقۆناغەکانی دواتری دەسەلاتداری سیاسی ئێراندا،ئێرانییەکان ڕۆژژمێرێکیان داهێنا کە لەسەر بنەمای ساڵی هەتاوی داڕێژرابوو سەرەتاکەشی خاکەلێوە (فروردین) بوو.

***دانانی ڕۆژژمێری جەلالی:***

ئەوەی ڕاستی بێت مێژووی دانانی ساڵنامەی کۆچی هەتاوی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی سوڵتان جەلالەدینی سەلجوقی، کەشاعیرو بیرمەندێکی وەك عومەری خەیامی ڕاسپارد بۆ دانانی ساڵنامەیەکی تایبەت بەگەلانی ئێران و دواتریش ساڵنامەکە بەساڵنامەی جەلالی ناوی دەرکرد.

لەکۆتایی سەدەی پێنجەمدا،سەلجوقیەکان ناوچەی ژێردەسەلاٌتیان فراوان بوو ئیدارەیەکی ڕێك پێك هاتبویە ئاراوە و گەشتبویە لوتکەی گەشەسەندن،لەبەر ئەوە ئاسایی بوو دەسەلاٌتدارانی ئەم ولاٌتە فراوانە هەست بەکەم و کورتی ئەم جۆرە ڕۆژژمێرەی ئەو سەردەمە لەگەڵ ساڵی(کۆچی مانگی)بکەن،چونکە تا ئەوکات ڕۆژژمێر بۆ مەبەستی چاودێریکردنی دروست بۆ وەرگرتنی باج گیروگرفتی تێدابوو،بۆنمونە (ڕۆژژمێری یەزگوردی) کەتایبەت بوو بەزەردەشتیەکان ،بەبێ ڕەچاوکردنی ساڵی کەبیسە(پڕ)کاری پێدەکراو نەورۆز جیگیرنەبوو،ئەمەش لەگەڵ یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهار کەسەرەتای ساڵی سروشتی بوو نەدەگونجا،ئەمەش کێشەیەك بوو لەو سەردەمەدا.

لەبەر ئەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەفەرمانی (جلال الدین ملکشاه سلجوقی٤٦٥–٤٨٥ هـ.ق)، لیژنەیەك بەسەرکردایەتیی زانای موسوڵمان"عومەری خەیام[٣٣]" شاعیر و ئەستێرەناس و چەند ئەستێرەناس

---

[٣٣] – عومەری خەیان لەم کارەیدا بەشێوەیەکی ژیرانە ساڵنامەکەی دانا کە هەردوو لایەنی تایبەت بە ڕێکەوتی کۆچ لەئاینی ئیسلام و ڕێکەوتی هەتاوی تایبەت بەمێژووی کولتوری ئێرانی کۆنی تێدا کۆکردەوە، کەچەند تایبەتمەندیەکی تێدابوو وەك(یەکەم.ساڵنامەکە کۆچیە،لەبەر ئەوە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵنامەکەی پەیوەستکرد بەکۆچکردنی پەیامبەری ئیسلام(ص) لەشاری مەکەوە بۆ شاری مەدینە. دووەم.ساڵنامەکە هەتاوییە،چونکە پێوانەی سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا

وبیرکاریزانگەلێکی وەك(حەکیم ئەبولعەباس لوکری،مەیمونی کوڕی نەجیب واستی،ئەبو موزەفەر ئەسەفزاری،ئیبن کوشك بەیهەقی،بەهرام،(عەبدولڕەحمان خانی)[٣٤] پێکهێنراو دەستکارییان لەو ڕۆژژمێرەدا کرد و چەمکێکی نوێی ڕۆژژمێریان داهێنا. کاتێ ویستیان دەرکەوتنی خاکەلێوە (فروردین) تاووتوێ بکەن، بینیان کە ڕۆژژمێرەکەیان ١٨ ڕۆژ کەموکووڕتی هەیە. ئەوە بوو ١٨ ڕۆژیان خستە سەر ڕۆژژمێرەکە. جگە لەوەش نەورۆزیان وەك دەسپێکی بەهار دیاری کرد.ئیتر لەوە بەدوا ئەو ڕۆژژمێرە بە (ڕۆژژمێری جەلالی)[٣٥] ناوبانگی دەرکرد و.دەکرێت ئەم ڕۆژژمێرە بەڕاسترین و وردترین ڕۆژژمێری جیهان بناسرێت بەهۆی ئەوەی دەرکەوتووە کە ڕۆژژمێری جەلالی (٢٨)[٣٦] هەزار ساڵ جارێك تەنها (١) یەك ڕۆژ هەڵە لەو ڕۆژژمێرەدا ڕوودەدات.واتە تێپەڕبوونی حەوت دەورەی چوار ساڵە،کاتی هاتنی دەورەی چوار ساڵەی هەشتەم لەجێگەی ئەوە لەکۆتایی ساڵی ئەم دەورەیە یەك ڕۆژ زیاد دەکەن،ئەم ڕۆژە

---

کراوەتە پێوەر لەساڵنامەکەداو ڕۆژی ٣/٢١ بەسەرەتای دەستپێکردنی ڕۆژژمێرەکە دانا.لەبەر ئەوە پێویستە ئێران لەم کارەناوەزەدا خۆی بەقەرزاری عەمەری خەیام بزانێت چونکە ڕەوڕەوەی ڕۆژژمێری لەشارستانیەتی ئێراندا خستەسەر پێی خۆی.

[٣٤] – لە هەندێك سەرچاوەدا بە (عەبدولڕەحمان خازنی) ناوی هاتووە.

[٣٥] – ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە لەبەر ئەوەی مەلیك شای سەلجوقی بەنازناوی(جەلالە دین) ناسرابوو،ئەو ڕۆژژمێرە بەناوی(ڕۆژژمێری جەلالی) ناسرا. هەرچەندە ئەو کارە شایەنی ئەوەبوو بەناوی عومەر خەیام ناوبانگی دەربکردایە چونکە لەلایەن ئەوەوە ئامادەکرابوو.

[٣٦] – لەهەندێك لەسەرچاوەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کەڕێژەی هەڵە لەم ڕۆژژمێرەدا لە (٣,٨)ملیۆن ساڵ تەنها یەك ڕۆژە،لەبەر ئەوە ئەم ژمارەیە زۆر نزیکە لەڕاستیەوە نەك ئەوەی سەرەوە.

بۆ یەکەمین دەورەی دواتر واتە دەورەی نۆیەم زیاد دەکەن. لەم ڕۆژژمێرەدا سەرەتای ساڵ لە وەرزی بەهاردا دەست پێدەکات و ساڵیش پێك هاتبوو لە ١٢ مانگی ٣٠ ڕۆژە کە لە کۆتایی ساڵدا (٥ )[٣٧] ڕۆژ زێدەی هەبوو لە ساڵەکانی پڕدا (٦) ڕۆژ.تا سەرەتاکانی پاشایەتی (ڕەزاشانی پەهلەوی)، ئەو ڕۆژژمێرە بەکار دەهێنراو هاوکات بەپێی سەرچاوەکان لەگەڵ ڕۆژژمێری جەلالی ڕۆژژمێری کۆچیش بەکار دەهات.

***چۆنیەتی دیاریکردنی ڕۆژژمێری کۆچی هەتاوی ئێستای ئێران:***

بەدەستپێکردی دەسەلاَتی بنەماڵەی پەهلەوی گۆڕانکاری لەسەرجەم لایەنەکانی سیاسی و کۆمەلاَیەتی و فەرهەنگی هاتەکایەوە، لە ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٢٥ی زاینی و لە١١ی مانگی فروردیندا بەفەرمانی ڕەزاشای پەهلەوی ڕۆژژمێرێك لەسەر بنەمای ڕۆژژمێری جەلالی ئامادەکراو ئاراستەی پەرلەمان کرا، لەبری ساڵی کۆچی مانگی،ساڵی هەتاوی کرابوویە ساڵی ئێران، سەرئەنجام لەنێو پەرلەماندا یاساکە پەسەند کراو ڕۆژژمێرەکەش بووبە (ڕۆژژمێرەی فەرمی ئێران)[٣٨] و ڕۆژژمێری کۆچی لەکارخرا، دوای پەسەنکردنی ئەم ڕۆژژمێرەش مانگە کۆنەکانی ئێران دووبارە زیندوو بوونەوە و گەڕانەوە دۆخی جارانی خۆیان.لەم ڕۆژژمێرەدا بەهار وەك دەسپێکی ساڵی

---

[٣٧] – ئەم پێنج ڕۆژە((پەنجەی کۆتایی ساڵ یان پەنجە دزراو بریتین لە(ئاهەندگاه،ئەشتەدگاه،ئیسفەندمزگاه،بهشتشگاه،هێستوشتگاه) لەگەڵ ٣٦٠ ڕۆژی ١٢ مانگی ساڵ دەبێتە ٣٦٥ ڕۆژ.

[٣٨] – ڕۆژژمێری جەلالی لەئێستادا وەك ڕۆژژمێری ئێرانی ناسراوە تەنها لەساڵی ١٩٢٥وە بەفەرمی بەکاردەهێنرێت و کاری پێدەکرێت.

ئێـران ڕاگەیەنرا،لـەبری مانگـە سـێ ڕۆژەکـانی سـاڵ و پەنجـەی کۆتـایی ساڵ،شەش مانگی یەکەمی ڕۆژژمێرەکە کران بە٣١ ڕۆژ و پێنج مانگی دواتریش کران بە٣٠ ڕۆژ و کۆتا مانگی ساڵیش کرا بە ٢٩ڕۆژ و لە(ساڵی پڕدا)[٣٩] کرابە ٣٠ ڕۆژ، ئەمـەش کـارێکی زۆر گونجاویـان کـرد و کـەم و کورتیـەکانی ڕۆژژمێریـان چارەسـەرکرد. ڕۆژژمێـری ئێـران کـە ئێسـتاکەش هـەر بـە ڕۆژژمێـری جـەلالی بەناوبانگە بـەگوێرەی سـووڕی زەوی بـە دەوری هـەتاو داڕێـژراوە، بۆیـە پێـی دەڵێن "ڕۆژژمێری هـەتاوی" (خورشـیدی، شمسـی یـان جـەلالی). هـەر سـاڵێك نزیکەی (٣٦٥ ڕۆژ و ٥ کاژێر و ٤٩)[٤٠] خولەکە.لەئێستادا ئەم ڕۆژژمێرە لەلایـەن هەردوو وڵاتی ئێران و ئەفغانستان بەکاردێت.

لـەم کارەیانـدا بـۆ دیـاری کردنـی ڕۆژی دەسـتپێکی ڕۆژژمێرەکـە، ڕۆژی ١ی بەهار کرایە سەرەتا و دەسپێکی ڕۆژژمێرەکە، کە ١ی نەورۆزی ئـەو سـاڵە بـوو کە پەیامبەری ئیسـلام تێیـدا کـۆچ (هجـرت)ی کردبـوو بـۆ مەدینـە. (١/١/١)ی ساڵی هەتاوی بەرانبەر بوو لەگەڵ ڕۆژی هەینی ١٩ی مارسی ٦٢٢ی زایینی.

کەوا بێت ساڵی ١ی هـەتاوی = سـاڵی ٦٢٢ی زایـینی،(٦٢٢-١= ٦٢١)، واتـە ساڵی زایینی ٦٢١ ساڵ لە ساڵی هەتاوی گەورەترە.کـەوا بێـت ئێرانییـەکان لـە

---

[٣٩] – لەڕۆژژمێری هەتاویدا ئەو ساڵانەی کە (٣٦٦) ڕۆژن پێیان دەوترێت ساڵی پـڕ(کەبیسـە)،لـەم ڕۆژژمێرەدا دەکرێت بوترێت لە هەر (٣٣)ساڵ، (٨)ساڵی ساڵی پڕە، سـاڵی پـڕیش ئـەو سـاڵانەن کـاتێ دابـەش دەکـرێن بەسـەر ٣٣ دا پاشماوەیەکـەیان دەبێـت بەیـەکێك لـەم ژمارانـە (١،٥،٦،٩،١٣،١٧،٢٢،٣٠)

[٤٠] – ڕەزا دەشـتی لـەکتێبی نـەورۆز و بۆنـەکان دەنوسـێت بـەم شـێوەیە سـاڵی جـەلالی نـزیکترین ساڵەکانی جیهانە و لەساڵی خۆری ڕاسترە کە ٣٦٥ ڕۆژ و ٥ کاتژمێر و (٤٨) چرکەیە.

ڕۆژژمێری جەلالیدا بە تیرێك دوو نیشانیان پێکاوە، هەم دابونەریتی خۆیان پاراستووە، هەم ڕۆژێکی گرنگی ئیسلامییان بەکارهێناوە وەك:

١. یەکەم ڕۆژی ساڵ، ١ی نەورۆزە، کە دابونەریتێکی دێرینە.

٢. یەکەم ساڵی ڕۆژژمێرەکە، واتە ساڵی ١ی ڕۆژژمێرەکە، ساڵی کۆچ (هجرت)ی پێغەمبەری ئیسلامە لە مەکە بۆ مەدینە، کە بۆنەیەکی گرنگە لە جیهانی ئیسلامدا. بۆمان دەرکەوت کە ڕۆژژمێری ئێرانی، هاوکات کە ڕۆژژمێرێکی هەتاوییە، ڕۆژژمێرێکی کۆچیشە، واتە: کۆچیی هەتاوی (هجری شمسی)یە.

لەڕۆژژمێری کۆچی هەتاویدا ساڵ لەچوار وەرز پێکهاتووە ئەوانیش(بهار،تابستان،پایز،زمستان)،هەر وەرزێکیش سێ مانگە هەرمانگێکێش نزیکەی چوار هەفتەیەو هەفتەش بریتیە لەحەوت ڕۆژ بەناوەکانی(شنبە،یکشنبە،دوشنبە،سەشنبە،چهارشنبە،پنجشنبە،جمعە"ادینە")،ژمارەی مانگەکانی ساڵیش بریتین لە١٢ مانگ و هەموو ڕۆژەکانی مانگیش ناوی تایبەتی خۆی هەیە،مانگەکانی سەرەتای ڕۆژژمێرەکە لە٣١ ڕۆژ پێك دێت و پێنج مانگەکەی دواتر لە٣٠ ڕۆژ پێکدێن بەڵام مانگی دوازدە لە ٢٩ ڕۆژ پێکدێت لەساڵی ئاسایدا و لەساڵی پڕدا(کەبیسە) لە ٣٠ ڕۆژ پێکدێت و هەموو ساڵێکیش بە١ی فروردین و وەرزی بەهار دەست پێدەکات.لەئێستادا تاکە ڕۆژژمێرە کەبەفەرمی لە دەوڵەتی ئێران دا بەکار دەهێنرێت و کاری پێدەکرێت بەڕۆژژمێری (هیجری شەمسی) واتە (کۆچی هەتاوی) دەناسرێت و تەواوی گەلانی ئێران لەسنوری دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا ئەم ڕۆژژمێرە لەدام و

دەزگاکانی ولاّتدا بەکاردەهێنن و سەرەتای ساڵ گۆڕینەکەش دەکاتە ١ی فروردین کەبەرامبەرە بە ٣/٢١ی لەساڵی زاینیدا.

## ڕۆژژمێری شاهەنشاهی:

دوابەدوای ئەوەی (محەمەد ڕەزاشا) لەدوای باوکی دەسەلاّتی گرتە دەست قۆناغێکی دیکە لەگۆڕانکاری مێژوویی لەئێران هاتە کایەوە، هەولّیدا شەرعەیت بەخۆی بدات بۆ جێبەجێکردنی چەند کارێك یەکێك لەوانە دیاریکردنی مەراسیمی(٢٥٠٠)ساڵەی شاهەنشاهی ئێران وەك ڕۆژژمێری نوێی ئێران، لەو باوەڕەدا بوو ڕۆژژمێری کۆچی شەمسی لەگەڵ ئەوەی ڕۆژژمێری ئەوانە بەلاّم هەموو مێژووی نەتەوەی ئێران لەخۆناگرێت و بەدرێژایی مێژوو کەم و کورتی تێدابووە، لەبەر ئەوە ڕۆژژمێری شاهەنشاهی دەبێتە تاکە ڕۆژژمێر نەتەوەیی ئێران کەسەرجەم مێژووی شاهەنشاهی ئێران لەخۆ دەگرێت.

ڕۆژژمێری کۆچی هەتاوی کەلەساڵی١٣٠٤کۆچی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٢٥زاینی لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی(ڕەزاشای پەهلەوی)ەوە بەشێوەیەکی فەرمی کاری پێدەکرا تا سەردەمی (محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی)ی کوڕی بۆ ماوەی نیو سەدەیەك، بەلاّم دوای نزیکەی پەنجا ساڵێك هەندێك لەنەتەوە پەرستە ئێرانیەکان هەولّی قۆستنەوەی بڕیارێکیاندا بەکۆپی کردنی مێژوو و بەرواری خۆری و کۆچی بە گۆرینی بۆ ڕۆژژمێری(شاهەنشاهی)،لەسەر ئەم بنەمایەش کۆتا شای ئێران(محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی) ویستی ساڵی یەکی ڕۆژژمێرەکە بکاتە کاتێك کە(ئیمپراتۆری ماد) ڕۆخێنرا و سەردەمی پاشایەتی هەخامەنشی فارس بۆ یەکەم جار لەئێراندا دەسەلاّتی گرتەدەست،ئەوەبوو لەڕێکەوتی(١٣٥٤/١٢/٢٤) بەرامبەربە(١٩٧٥/٣/١٥)زاینی بەژمارە(١٤٩٥٩)ی

ڕۆژنامەی(اطلاعات) بەواژۆی سەرۆك وەزیرانی ئـەوکات(عـەباس هوەیـدا)لـەژێر ناونیشانێکی دیاردا هاتووە(ئـەمڕۆ ڕەزامەنـدی لەسـەر بڕیـارێکی مێـژوویی درا کەهــــەردوو ئەنجومــــەنی(پـــیران و نوێنــــەران) لەدانیشـــتنێکی هاوبەشـــدا بەسەرۆکایەتی(جەعفەر شەریف ئیمامی)و تێیدا (بڕیـار)[٤١] درا لەسـەر گـۆڕینی ڕۆژژمێـر و سـەرەتای مێـژووی ئێـران و جـەژنی نـەورۆزی داهـاتووش سـاڵی ٢٥٣٥ی شاهەنشـــــاهیە، لەدەســـــپێکی ســــــاڵی ١٣٥٥دا ڕۆژژمێــــــری پاشـایەتی(شاهەنشـاهی) بـەکارهێنراو بـوو بەسـاڵی(٢٥٣٥)پاشـایەتی، بـەڵام بەسەرهەڵدانی شۆڕشی ئێرانی بەڕابەرایەتی(خومەینی) کەبوو بـەهۆی ڕووخـان و هەڵوەشـاندنەوەی حکومـەتی پاشـایەتی لەئێرانـدا و ئـەو بیرۆکەیـە تێکچـوو ڕۆژژمێری پاشایەتی هەڵوەشێنرایەوە، ئەوەبوو ئیمـام خومـەینی بـەکارهێنانی مێژووی شاهەنشاهی بەحەرام لەقەڵەمـداو ڕیگەیانـد"بەمەبەسـتی لاوازکـردن و سڕینەوەی ئیسلام ئەم هەوڵە شومەیان هێنایەکایەوە، ئەم گۆڕنکاریـە هـەتکی ئیسلامەو سـەرەتایەکە بـۆ لـەناوبردنی ئیسـلام، ئـەم هەوڵـەیان دەبویـە هـۆی پشتیوانیکردن لەستەمکار و زاڵم". سـەرئەنجام لـەدوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیسلامی ئێران سەرۆك وەزیران بەیانێکی بلاوکـردەوەو کەتێیـدا " ڕۆژژمێـری شاهەنشاهی لەکارخست"و دووبارە ڕۆژژمێری کۆچـی هـەتاوی بەکارخسـتەوە،

---

[٤١] – وەك لەدیباجـــەی بڕیارەکـــە لەدەقێکـــدا هـــاتووە: (بـــەبڕوای تـــەواو بەسیســـتەمی شاهەنشاهی(پاشایەتی)کە پێشتر زیاتر بۆ بیسـت و پێـنج سـەدە پـێش ئێسـتا ڕوکنێکـی گـرنگ و قەڵغانێکی گەورەی نەتەوەکەمان بوون بۆیە هەردوو ئەنجومـەن بڕیاریانـدا بـەوەی کـە حکومـەتی کۆڕشـی گـەورە دامەزرێنـەری ڕژێمـی شاهەنشـاهی بـوو لـەئێران بەسـەرەتای ڕۆژژمێـر و بنـەمای مێژوویی نەتەوەیی ئێران دابنرێت)

بەهەمان شێوەی ئەوەی کەلەسەردەمی (ڕەزاشای پەهلەوی)دا بـەکاردەهێنرا، دیسانەوە لەو کاتەوە ئەم ڕۆژژمێرە وەك ڕۆژژمێری فەرمی لـە سـەرجەم دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ئێراندا کاری پێدەکرێت.

ژمارە و مانگ و ڕۆژەکانی ساڵنامەی (کۆچی هەتاوی)

| ژ.مانگ | ناوی مانگەکان | ڕۆژی مانگ |
|---|---|---|
| ١ | فروردین | ٣١ |
| ٢ | اردیبهشت | ٣١ |
| ٣ | خرداد | ٣١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | تیر | ٣١ |
| ٥ | مرداد | ٣١ |
| ٦ | شهریور | ٣١ |
| ٧ | مهر | ٣٠ |
| ٨ | ابان | ٣٠ |
| ٩ | اذر | ٣٠ |
| ١٠ | دی | ٣٠ |
| ١١ | بهمن | ٣٠ |
| ١٢ | اسفند | ٢٩ یان ٣٠ |

## بەشی حەوتەم: گۆڕینی ساڵی (کۆچی هەتاوی) بۆ ساڵی زاینی

یەکەم: وەك ئاشکرایە ساڵی کۆچی هەتاوی دوو مانگ و نزیکەی بیست ڕۆژێك دوای ساڵی زاینی دەگۆڕێت بۆ ساڵی نوێ،لەبەر ئەوە بۆ گۆڕینی ساڵەکە دەبێت ئاگاداری ئەوەبیت کەساڵێکت هاتە پێش چاو، ڕۆژ و مانگەکە کەوتبویە

نێوان ڕۆژەکانی (١ی فروردین تا ڕۆژی ١٠ی دی ماه) لەمانگەکانی ڕۆژژمێری کۆچی هەتاویدا ئەواساڵی کۆچی هەتاوی بەم شێوەیە دەگۆڕین: (ساڵی کۆچی هەتاوی + ٦٢١)بەمەش یەکسان دەبێت بەساڵی زاینی.

نمونە: ڕێکەوتی ٥ی فروردینی ١٣١٤ چۆن دەگۆڕیت بۆ ساڵی زاینی؟

یاساکە: ساڵی کۆچی هەتاوی+ ٦٢١= ساڵی زاینی

١٣١٤ + ٦٢١ = ١٩٣٥ زاینی

دووەم: ئەگەر ساڵێك ڕۆژو مانگی لەگەڵدا بوو،ڕۆژ و مانگەکە کەوتبویە نێوان ڕۆژەکانی (١١ی مانگی دی تا ڕۆژی ٢٩–٣٠ مانگی اسفند) لەمانگەکانی ڕۆژژمێری کۆچی هەتاویدا ئەواساڵی کۆچی هەتاوی بەم شێوەیە دەگۆڕین: (ساڵی کۆچی هەتاوی + ٦٢٢)

نمونە: ڕێکەوتی ١٥ی دی ١٣٥٣ چۆن دەگۆڕین بۆ زاینی؟
